*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 3, 2025, Pages (88-112)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P3.5

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية
JORNAL OF LANGUAGE STUDIES
ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Narrative Elements in Bayan Salman's Novel (The Sea and the Hidden Dream of Marjan)

**Ashna Jamal Mahmoud***
**Sulaimani University**
Ashna.mahmood@univsul.edu.iq

&

**Prof. Dr. Atta Rashid Hussein**
**Sulaimani University**
Atta.husain@univsul.edu.iq

**Received:** 11/ 5/ 2025, **Accepted:** 25/6 /2025, **Online Published: 30/ 9 /2025**

## Abstract

Narration constitutes an indispensable instrument for interweaving the essential components of a novel: namely, characters, events, settings, and temporal frameworks, thereby establishing the bedrock upon which these elements are delineated. Its preeminent role within any narrative text endows it with the remarkable capacity to persist and adapt across the manifold stages of human civilization. As societies and their epochs grow increasingly intricate and enigmatic, the exigency for narrative art intensifies, most notably within the novel. This literary form affords a sophisticated and multifaceted depiction of society in its entirety. Each narrative constituent assumes a pivotal role in the construction of the novel's universe; indeed, no narrative realm can be

* **Corresponding Author**: Ashna Jamal Mahmoud**, Email:** Ashna.mahmood@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Sulaimani University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

fully realized in the absence of any single element. Through their conflicts and responses, characters breathe life into events; these events, in turn, unfold within a distinct locale, while time serves as the orchestrating force that governs their sequence and progression.

**Keywords:** narrative, novel, element, author.

## عناصر السرد في رواية (البحر وحلم المرجان الخفي) ل (بيان سلمان)

**اشنا جمال محمود**

**جامعة سليمانية**

**و**

**ا.د. عطا رشيد حسين**

**جامعة سليمانية**

**المستخلص**

السرد أداة أساسية لنسج الروابط بين العناصر المكونة للرواية، كالشخصيات و الأحداث و الأماكن و الزمان. و هو يشكل الأساس الذي يرتكز عليه تعريف كل عنصر من هذه العناصر. و بفضل مكانته البارزة في أي نص سردي، يثبت السرد قدرته على الاستمرار و التكيف مع مختلف مراحل التطور البشري. بعبارة أخرى، كلما ازدادت الحضارة و المجتمع تعقيدا، و كلما ازدادت تفرد العصور و أنماط الحياة، ازدادت الحاجة إلى السرد، لا سيما في الرواية. تقدم الرواية تمثيلا دقيقا للمجتمع بجميع جوانبه. يلعب كل عنصر سردي دورا رئيسيا في بناء الرواية: فلا وجود لعالم سردي بدون أحدها. الشخصيات، من خلال صراعاتها و ردود أفعالها، تضفي الحياة على الأحداث؛ تتكشف هذه الأحداث في مكان محدد، بينما ينظم الزمن تطورها.

**الكلمات الدالة: السرد، الرواية، العنصر، المؤلف.**

## ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان)ی (بەیان سەلمان)دا

**ئاشنا جمال مەحمود/ زانکۆی سلێمانی ــ کۆلێجی زمان**

**و**

**پ.د. عطا ڕەشید حسێن/ زانکۆی سلێمانی ــ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی**

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی: (ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان)ی (بەیان سەلمان)دا یە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر هەر یەک لە ڕەگەزەکانی (کەسێتی، ڕووداو، شوێن، کات) لەناو ڕۆمانەکەدا.

## کێشە و گیروگرفتی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەک کاتێک بەئاکام دەگەیەندرێت بەدەر نییە لە گرفت و توێژەر لە کاتی کارکردندا ڕووبەڕوی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە گرفتی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لە یەک خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەویش دیاریکردنی مەودای توێژینەوەکەیە، کە بووە هۆی ئەوەی نەتوانین زۆر بە چڕی هەریەک لە ڕەگەزکانی گێڕانەوە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە هەم لە ڕووی پراکتیکییەوە بەرباس بدەین و بە وردی بیانخەینەڕوو.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لە بازنەی یەک ڕۆماندا ئەویش ڕۆمانی (دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان)ی (بەیان سەلمان)ە و ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی تێدا پراکتیزە کراوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەک، کاتێک ئەنجام دەدرێت هەوڵێکە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە تیشک بخرێتە سەر لایەنی نادیاری بابەتێک، لەم توێژینەوەیەشدا بە پلەی یەکەم تیشک خراوەتە سەر ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، وەکو بناغەیەکی گرنگ و سەرەکی لە بونیاتنانی ڕۆماندا، هەروەها ئەم ڕۆمانە لە توێژینەوەکانی پێشتردا لە هیچ ڕوویەکەوە کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی کار لەسەر ڕۆمانەکە لە ڕووی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەوە بکەین، لەبەرئەوە هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی زانستی شیکاری هەریەک لەو ڕەگەزانەی گێڕانەوە لەناو ڕۆمانەکەدا بکەین، تا کارەکەمان لەناو کاری ئەکادیمیدا کەلێنێک پڕبکاتەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

وەک بنەمایەک بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە هەردوو میتۆدی (وەسفی، شیکاری) وەرگرتووە، بە جۆرێک لە بەشی یەکەمدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە و لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە دەروازەیەکی تیۆری لە بارەی گێڕانەوە و ڕەگەزەکانی گێڕانەوەوە خراوەتەڕوو، هەروەها لە ڕێگەی میتۆدی شیکاریشەوە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لە نموونەی ڕۆمانەکەدا پراکتیزە کراوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

گرنگی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا بە تایبەتی لەو گۆشەنیگایەوە، کە هیچ کارێکی گێڕانەوەیی بەبێ یەکێک لەو ڕەگەزانە ناتوانێت وێنەی ئەو جیهانە بکێشێتەوە، کە دەیخوازێت ئەویش جیهانی ڕۆمانە، بۆیە مەبەستمان بوو لەمڕووەوە بزانین نووسەر، تاوەکو چ ئەندازەیەک بایەخی بە هەریەک لەو ڕەگەزانەی گێڕانەوە داوە، هەروەها لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەیدا چۆن بەرجەستەی کردوونەتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دووبەش و چەند تەوەرێک پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:
ئەم بەشە دەروازەیەکی تیۆرییە لە بارەی گێڕانەوەوە و لە سێ تەوەر پێکهاتوو:
تەوەری یەکەم: لەم تەوەردا چەمک و پێناسەی گێڕانەوە باسکراوە.
تەوەری دووەم: بۆ ئەرک و ئامانجی گێڕانەوە تەرخانکراوە.
تەوەری سێهەم: بۆ ڕەگەزەکانی گێڕانەوە (کەسێتی، ڕووداو، شوێن، کات) تایبەتکراوە.
بەشی دووەم: ئەم بەشە بۆ پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە تەرخانکراوە و چوار تەوەر لەخۆدەگرێت و بەمشێوەیەش تەوەرەکان ڕێکخراوە:
تەوەری یەکەم: کەسێتی لە ڕووی پێکهاتەوە ١- کەسێتی پەرەسێن ٢- کەسێتی پەرەنەسێن.
تەوەری دووەم: جۆرەکانی ڕووداو ١- ڕووداوی واقیعی ٢- ڕووداوی خەیاڵی.
تەوەری سێیەم: جۆرەکانی شوێن لە ڕووی بەکارهێنانەوە ١- شوێنی کراوە ٢- شوێنی داخراو.

تەوەری چوارەم: جۆرەكانی كات ١- كاتی مێژوویی ٢- كاتی ئەفسانەیی.
لە كۆتاییشدا لیستی ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی، كە لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لێبینیوە دیاریكراوە، هەروەها كورتەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

## بەشی یەكەم: دەروازەیەكی تیۆرییە لە بارەی گێڕانەوەوە:

### تەوەری یەكەم: چەمك و پێناسەی گێڕانەوە:

بابەتی گێڕانەوە بە چەمكە كۆنەكەی چنین و هۆنینەوە و بەیەكەوە گرێدانی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی گێڕانەوەیە لە كۆندا هەقایەتخوان بۆ ڕازاندنەوەی ڕووی گێڕانەوەكەی تا ئەوپەڕی تواناكانی خۆی شەتەكداوە، تاوەكو ڕستەكان بە شێوەیەكی جوان بەیەكەوە گرێبدات و گێڕانەوەیەكی كاریگەری لێبەرهەمبهێنێت و گوێگر پەلكێشی گێڕانەوەكەی بكات لەو ڕووەشەوە هەر ئەم گێڕانەوانە بوونەتە هۆی گۆڕەپانی دەركەوتنی چەندین جۆری نوێی گێڕانەوەی وەكو: (هەقایەت، ئەفسانە، داستان، چیرۆك، ڕۆمان)، بەڵام گێڕانەوەكانی ئێستا بە شێوەیەك هێندە زۆرن نووسەر، وەكو كەرەستەیەكی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی دەقەكەی بەر چەندین جۆری گێڕانەوە دەكەوێت، چونكە گێڕانەوەكانی ئێستا لەگەڵ ڕۆژگار و سەردەمە نوێیەكەدا هەنگاو دەنێن لە هەمانكاتیشدا چەرخە نوێیەكە پێویستی بەوە هەیە، كە بە چەندین جۆری جیاوازی گێڕانەوە دەرببڕدرێت و لێكبدرێتەوە، بۆیە ((هەموو نوێیەك هەڵگری كۆدە كۆن و ڕابردووەكانە، تاوەكو بەركەوتنیان دامەزرێنێتەوە و لە پرۆسەی گێڕانەوەدا گۆڕانیان بەسەردا بهێنێت))[ڕەسوڵ،٢٠٠٩: ٧٠].

ئیدی لێرەوە چەمكی گێڕانەوە گۆڕانی بەسەردادێت و ((كار و ئەركی گێڕانەوە تەنیا پێشكەشكردنی ڕووداوەكان نابێت، بەڵكو ئەو ڕاستییانەی، كە لە ژیانەوە سەرچاوە دەگرن دووبارە لە قاڵب و شێوەیەكی تازەدا دایاندەڕێژێتەوە. ئەمەش دەبێتە شێوەیەكی نوێی پەیوەندیكردن و گەیاندنی بابەتەكانی ژیان لە وێنەیەكی جیا لەو شكڵە كۆنەی، كە پێشتر نمایش دەكرا و دەگەیەنرایە خوێنەر)) [جابر،٢٠١٩: ٢٢١]. چەمكی گێڕانەوە وەك زاراوەیەكی ڕەخنەیی ((لێدوانە لە بارەی ئەو چیرۆكانەی، كە دەیانگێڕینەوە، لە ناو چیرۆكیشدا كەسێك هەیە و شتێك دەگێڕێتەوە و 'چیرۆك' دەگۆڕێت بۆ 'گریمان'ە))[Kenan,2006: 11] ئەم كەسەش زیاتر بكەرێكی جێگیری ناو گێڕانەوەیە و ڕەوت و ڕۆیشتنی چیرۆكەكە لە ڕێگەی دەنگ و گفتوگۆكانی ئەوەوە بەرەو پێشەوە دەروات و پەرەدەسێنێت و دەبێتە جێگرەوەی نووسەر و لە باسكردنی شتەكاندا بە دەنگی ئەو دەدوێت و دەرگای گریمانە بەڕووی وەرگردا دەكاتەوە.

سەبارەت بە پێناسەی گێڕانەوەش (ڕۆلان بارت Roland Barthes) بەمشێوەیە پێناسەی گێڕانەوە دەكات و دەڵێت: ((گێڕانەوە بریتییە لە ڕێكخستنی ئەو بنەما و ڕەگەزانەی، كە بۆ چیرۆك پێویستن، تێگەیشتن لە گێڕانەوە پەیڕەوكردنی ڕەوتی چیرۆكەكە و پێشكەوتنەكەی نییە، بەڵكو دەوەستێتە سەر ئاست و بەدوایەكداهاتنی زنجیرەی ئاسۆیی تەوەری گێڕانەوە لەسەر هێڵێكی ڕاست، بۆیە خوێندنەوە و بیستنی گێڕانەوەیەك تەنیا گواستنەوە نییە، بەڵكو گواستنەوەیەتی لە وشەیەكەوە بۆ وشەیەكی دیكە، هەروەها پەڕینەوەیە لە ئاستێكەوە بۆ ئاستێكی دیكە))[عزاز،٢٠٢٠: ٣١٠٨] ئەم پێناسەیە ئەوە ڕووندەكاتەوە، كە بەبێ گێڕانەوە دەق دەبێتە لاشەیەكی بێگیان و خاڵی دەبێت لە گشت ڕەگەزێكی چێژ و خەیاڵ و تێگەیشتنی خوێنەریش لە گێڕانەوە لە بونیاتنانی گێڕانەوەیەكی تۆكمە و پتەو و خوڵقاندنی فرە جۆری لە شێوازی گێڕانەوە و گواستنەوەی ئەزمونی نووسەردا خۆی دەبینێتەوە و ئاستی دەقە ئەدەبییەكە و بەهرەمەندی نووسەر دەردەخات، بەوەی، كە تا چەندێك لە ڕێگەی گێڕانەوەیەكی بەرهەمدارەوە توانیویەتی دەقەكەی بگەیەنێتە ئاستێكی باڵا.

لە پێناسە و ڕوانینێكی دیكەدا بۆ گێڕانەوە (پۆل ڕیكۆر Poul Ricoeur) دەڵێت: ((گێڕانەوە هەڵگری بونیادێكی بنبەستوو نییە، بەڵكو لە پرۆسیسەكردن و ئەزموونكردنەوە بەرجەستە دەبێت، هەر لەوێشەوە گریمانەی بنەڕەتی نێوان كردەی گێڕانەوەی چیرۆك و نێوان سروشتی كاتی ئەزموونكردنی مرۆڤایەتی خۆی لە شێوەیەكی ڕۆشنبیریی ئاڵوگۆڕئامێزدا هەڵدەگرێتەوە))[عەبدوڵلا،٢٠١٠: ٢٣]. پرۆسەی گێڕانەوەی هەر دەقێك دەوەستێتە سەر ڕوانین و بینینی تایبەتی نووسەر بەرانبەر بە دیاردە و ڕووداوەكانی ژیان و چۆنییەتی گۆڕین و یاریكردن بە كاتی ڕوودانی ڕووداوەكان و گێڕانەوە و دامەزراندنەوەیان بەشێوازێكی جیاواز، تاوەكو كاتی جیاوازی لێبخوڵقێت ئەم خوڵقاندنەش دووبارە وێناكردنەوەی ساتەكانی ژیانە بە دید و ڕەنگێكی جیاوازتر.
هەر سەبارەت بە گێڕانەوە تیۆرزانێكی فەڕەنسی، وەكو (('فیلیپ گاسپارینی philipe Gasparini' لە

بەرهەمێکیدا بە ناوی ئایا ئەو منم؟ Est – il je? وەها پێناسەی گێڕانەوە دەکات: هەموو گێڕانەوەیەک تایبەتە بە چیرۆکێک، ئیدی لەناو دەقە خەیاڵییەکان بێت، ژیاننامە و خود نووسینەوە بێت، یاخود مێژوو بێت. هەموو ئەوەش لەسەر پێوەرێک وەستاوە ئەگەر و نەگەری بەشووناسکردنی گێڕەرەوە لەگەڵ نووسەر))[سەلمان،٢٠٢١: ٧٤] ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ناسنامەی نووسەر سێ لایەنەیە و وەکو خودێکی فیزیکی چیرۆکەکەی نووسیوە و ڕۆڵی گێڕەرەوە و پاڵەوانیش دەگێڕێت لە گێڕانەوەکەدا. دواجاریش گێڕانەوە دەبێتە ((خستنەڕوو و نیشاندان و ناساندنی شتێک، واتە گێڕانەوە دەرخەری بیر و خەیاڵرِوونی کەسی گێڕەرەوەیە. مرۆڤێک، کە توانای دیتن و وردبوونەوە و تێڕامانی هەیە، بێگومان توانای گێڕانەوەشی هەیە))[عوسمان،٢٠١٧: ١٨٧]. سوودوەرگرتنی نووسەر لە گێڕانەوە، وەکو بونیاتێکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک لەبەرئەوەیە، تاوەکو جیهان و شتەکانی ناوی بە دیو و ڕوویەکی دیکەدا وێنا بکاتەوە و ڕوانینەکانی خۆی بە خوێنەر نیشان بدات، بەم نیشاندانەش هەم خوێنەر بەشدار دەکات لە گێڕانەوەکەدا هەم ئەرکی گوێگرتن و خوێندنەوەشی پێدەسپێرێت.

**تەوەری دووەم: ئەرک و ئامانجی گێڕانەوە:**

**ئەرکی گێڕانەوە:** ئاشکرایە، کە گێڕانەوە ئامرازێکی بنچینەیی و سەرەکییە بۆ چنین و پێکەوەبەستنی سەرجەم ڕەگەزەکانی (کەسێتی، ڕووداو، شوێن، کات) لەناو دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا و دەبێتە بنەماکانی گرنگ بۆ ناساندنی هەریەک لەو ڕەگەزانە، هەروەها باڵادەستییەکەی لەناو هەر دەقێکی گێڕانەوەییدا هێزێکی وەهای پێبەخشیوە، کە بۆ هەمیشە خۆی بهێڵێتەوە و لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیشدا خۆی بگونجێنێت. واتە، هەتاوەکو ئاستی شارستانیەت و کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بچێت و سەردەم و ژیان ڕوو لە ئاڵۆزی و نامۆیی بکات، ئەوا خواست و دەستبردن بۆ گێڕانەوەش زیاتر دەبێت، چونکە مرۆڤ لە سایە و سێبەری گێڕانەوەکاندا دەتوانێت وچانێک بدات ئەو کار و کردەوانەشی، کە لەناو ژیان و کۆمەڵگەکەیدا ئەزموونی کردووە لە وێنەیەکی هونەری جواندا بیانگێڕێتەوە. لەمڕووەوە (پۆل ڕیکۆر) بۆچوونی وایە، کە ((ئەرکی گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ژیان. هاوکات گێڕانەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و کردەوەکانی مرۆڤە، بۆئەوەی بیسەلمێنێت، کە گێڕانەوە گوزارشتکردنە لە خودەکان، هەروەها بە پێکهاتەیەکی گەوهەریی سروشتی مرۆڤی دادەنێت))[مەنتک،٢٠٢١: ٦٨] بەدەر لەوە گێڕانەوە، وەکو تۆمارگەیەک هەمیشە ئەرکی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو شتانە بووە، کە مرۆڤ باسی لێوەکردووە لە ئێستاشدا گرنگترین ئەرکێک، کە جێبەجێی دەکات بریتییە لە: ((بەدیارخستنی هەموو ئەو شتانەی نووسەر دەیزانێ لە بارەی کارەکتەر و هەوڵدانیەتی بۆ چوونە ناو ناخی شاراوەی کارەکتەر و دۆزینەوەی تایبەتمەندەی و سیفاتەکانی))[موفتی،٢٠١٢: ١٣]، هەروەها (ڕێکخستن، لێکۆڵینەوە و ڕووماڵکردن، بەئاگاهێنانەوە) ئەرکێکی دیکەیە، کە نووسەر لە ئەستۆی گێڕانەوەی دەنێت.

ئەرکێکی دیکەی گێڕانەوە بریتییە لە: پێشکەشکردنی گێڕانەوە لە قاڵبێکی بەرزی، هونەریدا لە ڕێگەی زمانێکی، کاریگەر ئەمەش پێویستی بە توانا و سەلیقەی نووسەر، هەیە بۆ دروستکردنی وشەی کاریگەر و پەیامدار، چونکە ((وشە نیشانەیەکە ئامانجەکەی چالاککردنی خەیاڵی خوێنەرە، بۆئەوەی بتوانێت ئەو جیهانە ببینێت، کە نووسەر دایهێناوە، یان بەو جۆرەی دەیەوێت لاسایبکردووەتەوە)) [خەلیل،٢٠١٧: ٢٧٤] ئەم ئەرکەش دواجار لە دەستی نووسەردایە، کە تا چەندێک توانای ئەوەیە هەیە، کە بە شێوازێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوەکەدا بکات و ئەرکی گێڕانەوەکەی بە شێوازێکی دروست بگەیەنێتە لوتکە. یەکێکی دیکە لەو ئەرکانەی، کە گێڕانەوە ئەنجامی دەدات بریتییە لە: ((ئەرکی پەیوەندیکردن (جان مارک فێری) لە بارەی ئەم ئەرکەی گێڕانەوەوە لە تێزی دکتۆراکەیدا بەناونیشانی (فەلسەفەی پەیوەندیکردن) ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەرک و کاری گێڕانەوە گەیاندنی کۆمەڵێک پەیامە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بە شێوەیەکی پلەبەندی))[Jenzy,2022: 248]. لە دامەزراندنی گێڕانەوەدا سەرەکیترین ئەرک، کە نووسەر بە گێڕانەوەی دەسپێرێت ئەرکی پەیوەندیکردنە، تاوەکو لە ڕێگەی پەیامەکانەوە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وەرگردا دروستبکات و پەیامی دەق پلە بە پلە لە گشتەوە بەرەو تایبەت هەنگاو بنێت، واتە ((پەیامەکە هەموو ڕۆمانەکەیە، یان دەقەکەیە، لە بەرگ و ناونیشان دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی کۆتا لاپەڕەی ڕۆمانەکەیە))[الکردی،٢٠٠٦: ١٠٩].

(ئایدۆلۆژیا) ئەرکێکی دیکەی گێڕانەوەیە لەم ئەرکەدا نووسەر ڕوانگە و ڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە جیهان و کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا و بە پیرەوەچوونی ئەو پرسانەی، کە پەیوەستن بە

کۆمەڵگەیەکی مرۆیی لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەخاتەڕوو، هەروەها بیروباوەڕەکانی دەکاتە ئەرکێک بەسەر گێڕانەوەوە بە مەبەستی کاڵکردنەوەی خراپییەکان و بەخشینی شێوەیەکی جوان بە ژیان و بەدیهێنانی ئامانجەکان و هەڵهێنجانەوەی بیروباوەڕە چەوتەکان و دووبارە داڕشتنەوەیان لە قاڵبێکی ئەدەبیدا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات و کۆمەڵگە لە دارمان ولێکترازان بپارێزێت، واتە ((لە زەمەنی ئایدۆلۆژیادا (مرۆڤایەتی) ئێمە دەبێتە (ئامڕازێک) بۆ بەئەنجامگەیاندنی مەبەستێک، کە گەورەتر نییە لە بەهای ئینسانیەتی خۆمان ئێمەی بۆ بەکوشت دەچین، کەچی لەسەردەمی حەکایەتدا هیچ شتێک لە مرۆڤایەتی ئێمە بەنرختر نیە و حەکایەتەکان دەبنە ئامڕازێک بۆ گێڕانەوەی بەهایەک بۆ ئینسانیەتمان))[سیوەیلی،٢٠٠٨: ١٨١،١٨٠].

کەواتە ئەرک و کاری گێڕانەوەکان پێچەوانەکردن و تێکشکاندنی تێڕوانینە دەقبەستووەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە گێڕانەوە ((ئاوێنەیەک ڕادەگرێت و بیروباوەڕمان پیشاندەداتەوە، لەوێشەوە هەوڵدەدات مرۆڤەکان بخاتەوە سەر هۆشیارییە ڕاستەقینەکە و پیشانماندەدات، کە مرۆڤبوونمان لە چ مەترسییەکدایە))[کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٣: ١٣٠] بەجێهینانی ئەم ئەرکەی گێڕانەوەش ڕێککردنەوەی ئەو بیروباوەڕانەیە، کە زاڵبووە بەسەر دەستە کۆیەکی ناو کۆمەڵگەدا و ئاستی هۆشیاری گەیاندووەتە پلەیەکی مەترسیدار، بۆیە کاری گێڕانەوە لەقکردنی باوەڕە چەوتەکان و بەئاگا هێنانەوەی هۆشیاری تاکەکانی ناو ئەودەستە کۆیەیە، ئەمەش ئەو ئەرکە مەزنەیە، کە گێڕانەوە بەئەنجامی دەگەیەنێت.

**ئامانجی گێڕانەوە:** لەوکاتەوەی، کە مرۆڤ بوو بە جێنشینی سەر زەوی و جڵەوی گێڕانەوەکانی گرتووەتە دەست ئامانجی گێڕانەوەکان قۆناغ لەدوای قۆناغ گۆڕاون و گەشەیانکردووە بۆ نموونە: لە سەرەتای ژیاندا گێڕانەوەکان لە شێوە سادەکەیدا زیاتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بووە لەگەڵ دیاردە سروشتیەکانی ئەو جیهانە بەرین و گەورەیەی، کە تێیدا ژیاوە و هەموو هەوڵێکی باسکردن و گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە بینراوانە بووە، کە ڕۆژانە بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبووە و شەو، هەتاوەکو دەمی بەیانی تووشی ترس و دڵە خورپەی کردووە بۆ ئەو مەبەستەش ترس و شڵەژانەکانی تەنیا بە گێڕانەوە چارە کردووە، بۆیە لە سەرەتادا ڕووی گێڕانەوەکان مەبەست و ئامانجەکەیان زیاتر ڕەوینەوەی ترسەکانی مرۆڤ بووە، هەروەها گێڕانەوە بووەتە یارمەتیدەرێک بۆ مرۆڤ، بۆئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە کتوپڕانەدا بکات، کە ڕۆژانە ڕووبەڕوی بووەتەوە، بەڵام کاتێک مرۆڤ زیاتر شارەزای ئەو جیهانە سروشتییە بووە، ئیدی ئەم ترسەی گۆڕاوە بۆ دڵگەرمی و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بە گێڕانەوەی هەقایەتەکان سەرگەرمکردووە و جەماوەرێکی لە گوێگران لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و لە ڕێگەی زمانێکی سادە و بەشێوازێکی زارەکی بەسەرهاتەکانی ژیانی گێڕاوەتەوە، واتە ئەو کۆمەڵە هەقایەتانەی، کە گێڕدراونەتەوە ((تەنیا دەنگ بوون. دەنگی پیت و وشە و زنجیرە ڕستەی گۆکراو، کە تۆ بە تەنیا بیستنیان هیچی وایان لێهەڵناکرێنیت و نازانیت چ نهێنی و مانا و ئاماژەگەلێکیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، بەڵام کاتێک خرانە سەر زمانی نووسین و لەسەر کاغەز تۆمار بوون، ئیتر وێڕای ئەوەی لە زارەکییەوە دەبنە نووسراو بە دێکیۆمێنتیش دەبن))[حەسەن،٢٠١٠: ١٠] لەمڕووەشەوە ئەوەی بەرپرسیارییەتی ئەم بەتۆمارکردنەی لە ئەستۆ گرتووە نەمری گێڕانەوە بووە، کە دەماودەم زۆرێک لە هەقایەتە دێرینەکانی پاراستووە و نەوە لەدوای نەوە هەڵیگرتووە و بۆ ئێستای گواستووەتەوە.

ئامانجی گێڕانەوەکان تەنیا لە هەقایەتدا نابینرێتەوە، بەڵکو گێڕانەوە لە ڕێگەی ژانرێکی، وەکو ئەفسانەشەوە ئامانجی خۆی هەبووە، چونکە ئەفسانەکان جگە لە دەستکەوتنی وەڵامەکان لە بارەی بوون و گەردوون و ناساندنی مرۆڤ، وەکو بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و جیاواز لە بوونەوەرەکانی دیکە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی خۆگونجاندن بووە لەگەڵ سروشدا، چونکە دوای ئەوەی مرۆڤ لە دەستەمۆکردنی سروشدا شکست دەهێنێت، بۆئەوەی قەرەبووی ئەم جەنگە شکستخواردووەی بکاتەوە بە خولقاندنی، ئەفسانە ناچار دەبێت ئەم ناچاربوونەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((مرۆڤ بۆخۆی یەکێکە لە نهێنییە مەزن و پڕ لە ئاڵۆزییەکانی ژیان، هەروەها ژیان نهێنییەکی دیکەیە و گەردوونیش خۆی نهێنییە! ئەو کەسەش، کە هەوڵیداوە و بەردەوام هەوڵدەدات ئەو نهێنییانە بدۆزێتەوە، هەر مرۆڤە! مرۆڤیش زۆر ڕێگەی گرتووەتەبەر، یەکێک لەو ڕێگایانە ئەفسانە بووە))[حەسەن،٢٠٢٠: ٥٧].

جگە لە (هەقایەت و ئەفسانە) داستانیش یەکێکی دیکە بووە لەو دەقە گێڕانەوەبەندانەی، کە ئامانجی پێشکەشکردنی گێڕانەوەکانی نیشاندانی پاڵەوانبازی و هێزی شەڕ و خێر و جەوهەری ژیان و توانای مرۆڤ، وەکو بونەوەرێکی دەسەڵاتدار بووە، کە لە فۆڕمی بەیتە شیعریی درێژدا، وەکو سەرگەرمییەک پێشکەشکراوە. ڕوویەکی دیکەی گێڕانەوە داستانییەکان جگە لە سەرگەرمییەکەی ڕونکردنەوە و زانیاری بەخشین بووە ئەمەش

((لەو چیرۆکە فەلسەفی و فێرکارییانەدا دەردەکەوێت، کە گرنگی بە سورانەوە و گۆڕانکارییەکانی گەردوون دەدات، هەروەها لە بارەی ئەستێرەکان و هەسارەکان و وەرزەکان و داهاتوو و سروشتی شتەکان و ململانێی نێوان توخم و هێزە جیاوازەکان دەدوێت، کە دەکرێ ئەمە بە هەوڵێک دابندرێت بۆ دەستنیشانکردنی هێزە سروشتییەکان و بە هێماکردنیان لە کردەوەکانی مرۆڤدا))[باوية،٢٠١٤: ١٣]، هەروەها ئامانج و مەبەست و ڕوویەکی دیکەی گێڕانەوە لێکۆڵینەوە و پشکنینە لە بابەتە جۆربەجۆرەکانی ژیان و نیشاندانەوەی ڕاستییەکانە لە دید و ڕوانینێکی دیکەوە، هەروەکو ئەوەی لە چیرۆک و ڕۆماندا دەخرێتەڕوو بە تایبەتی لە ڕۆماندا، چونکە ڕۆمان جیاواز لە ژانرەکانی دیکە لە توانایدا هەیە زۆرێک لە بابەتە جیاوازەکانی ژیان لە ئامێز بگرێت، هەروەها ئەو ئاڵۆزییانەی، کە بەرۆکی مرۆڤیان گرتووە نیشانبداتەوە و چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بدۆزێتەوە و چەندێک هێز و توانایشی هەیە وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ بداتەوە. لە ڕاستیدا خستنەڕووی گێڕانەوەکان تەنیا لە چەند ئامانجێکی دیاریکراودا قەتیس نەبووە، بەڵکو هەر چیرۆک و ڕۆمانێک بابەتەکانی ژیان بە چەند ڕوویەکی جیاواز دەگێڕێتەوە و ئامانجی خستنەڕووی ئەم ڕووە جیاوازانەش بە پلەی یەکەم بزواندنی هەستی وەرگر و کاراکردنییەتی، واتە گێڕانەوەکە ((دەبێتە هۆی پاڵنان و کاراکردنی خوێنەر. بەو مانایەی گێڕانەوەکە ڕاشکاوانە خوێنەر بەرەو بزواندنی کارێک هاندەدات، جا دەشێت زۆر بێت، یانیش کەم))[کەسنەزانی،٢٠٢٢: ٢٤].

### تەوەری سێیەم: ڕەگەزەکانی گێڕانەوە (کەسێتی، ڕووداو، شوێن، کات):

### ١- کەسێتی (Character):-

ڕەگەزی، کەسێتی بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی بونیاتی هەر دەقێکی گێڕانەوەیی دادەندرێت، بە تایبەتی لە ڕۆماندا پێگەیەکی گرنگی هەیە هۆکاری ئەم بایەخپێدانە زۆرەش بە ڕەگەزی کەسێتی لە لایەن نووسەرانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕەگەزی کەسێتی لەناو دەقدا بەدەر لە پێکەوەبەستن و هەڵسووڕاندنی ڕەگەزەکانی (ڕووداو، شوێن، کات) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بزواندنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، چونکە ((کارێکی گێڕانەوەیی بەبێ کارەکتەر ئەنجام نادرێت، کە بە ئەنجامدانی ڕووداو هەڵدەستێت و کارەساتی بەسەردا دێت و بەرگەی هەموو ناخۆشییەکان دەگرێت. کارەکتەر شوێن دەبوژێنێتەوە و بەشداری لە جەنجاڵییەکانی ژیان و کارلێکردن لەگەڵ هەرسێ ڕەهەندەکانی کات ـ ڕابردوو، ئێستا، ئاینده ـ دەکات، واتە ڕۆڵێکی سەرەکی لە یەکگرتنی هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆماندا دەبینێت))[عومەر،٢٠١٥: ٤٧].

سەبارەت بە گرنگی کەسێتی لەناو ڕۆماندا (ڕۆلان بارت) دەڵێت: (کەسێتییەکان لە بنەڕەتدا بوونەوەری درووستکراوی کاغەزین و لەگەڵ چیرۆکنووسدا لەوەدا لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، کە چیرۆکنووس بوونێکی مادی و زیندووی، هەیە لە کاتێکدا بوونی کەسێتی بەندە بە جیهانی لاپەڕەکانەوە و تەنیا لەوێدا ژیان دەکات)[بارت،١٩٩٣: ٧٢،٧٣]، بەڵام (فلیپ هامون) جیاوازتر سەرنجەکانی خۆی لە بارەی گرنگی کەسێتیەوە خستووەتەڕوو، بە بۆچوونی ئەو کەسێتی (یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە لەناو دەقدا ئەو ئەرکە ڕێزمانییە جێبەجێدەکات، کە لە لایەن نووسەرەوە پێیدەسپێردرێت خوێنەر کاتێک دەقە بەرهەمهاتووەکە دەخوێنێتەوە دووبارە کەسێتی ناو دەقەکە بونیاتدەنێتەوە، بەمەش کەسێتی دەبێتە لایەنێک لە چالاکییەکانی خوێندنەوە)[هامون،٢٠١٣: ٣٠،٣١]، واتە لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر خۆی لەناو کەسێتییەکانی بەرهەمەکەدا دەبینێتەوە ئەم خۆبینینەوەی خوێنەریش کاتێک ڕوودەدات، کە بە تەواوی ڕۆدەچێتە ناو قوڵایی دەقەکەوە و خوێنەر دەبێتە ئەو کەسێتییەی، کە لە ناو دەقەکەدا ڕۆڵدەگێڕێت، واتە دیمەنێک، کە پێشتر بە شێوەیەکی گشتی لە دەرەوە لێیدەڕواندرێت لە ساتەوەختی خوێندنەوەدا دەبێتە دیمەنێکی دیکە و خوێنەر لە ناوەوەی دەقەکەدا لەگەڵ کەسێتییەکاندا ڕێدەکات و لەگەڵیان دەدوێت و جارێک هاوڕایان دەبێت و جارێکیش دژ و ناکۆک، بەمەش جارێکی دیکە کەسێتییەکان لە ڕێگەی خوێنەرەوە بونیاتدەنرێنەوە.

### ٢- ڕووداو (Event):-

ڕووداو یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی، کە پێویستی هەموو دەقێکی گێڕانەوەییە، لەبەرئەوەی هەر بەسەرهات و چیرۆکێک کاتێک دەگێڕدرێتەوە دەبێت زنجیرەیەک ڕووداو هەبن، تاوەکو لە ڕێگەیانەوە پێکهاتەی گێڕانەوەی دەقە ئەدەبییەکە بەرهەمبێت، بۆیە ڕووداو ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی لە بونیاتنانی دەقی ڕۆماندا هەیە، چونکە ((گێڕانەوە دروست نابێت، ئەگەر توخمی ڕووداوی تێدا نەبێت. بەبێ ڕووداو کارەکتەرەکان بێکار دەمێننەوە، دەقە چیرۆکئامێزەکان دەبن بە قسەی زۆر سادەی بێکردار، کارەکتەرەکان ڕۆڵ نابینن، بە واتایەکی

تر ئیتر گێڕانەوە دروست نابێت))[جەمیل،٢٠٢١: ١٨٦،١٨٥]، بۆیە جووڵەپێکردن و بزواندنی ڕەوتی گێڕانەوەی دەقێک دەوەستێتە سەر بوونی کۆمەڵێک ڕووداو، دروستبوونی ڕووداوەکانیش پێویستی بە هێزی کەسێتییەکان هەیە کەسێتییەکانیش بەهۆی ململانێ و ناکۆکییەکانیانەوە ڕووداو دەخوڵقێنن و ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئاڵۆزی دەبەن بەمەش گێڕانەوەکە گەرموگوڕتر دەبێت و درێژە دەکێشێت.

لە بارەی گرنگی ڕەگەزی ڕووداوەوە (ئەرستۆ) یەکەم کەس بووە، کە لە کتێبەکەیدا (هونەری شێعر) ڕەگەزی ڕووداوی بە ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی دەستنیشانکردووە و دەڵێت: ((لە هەموو ڕەگەزەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە بێگومان تراجیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوە و ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوە بەستراوەتەوە.))[ئەرستۆ، ٢٠١١: ٢٩]، واتە کەسەکان چ لە ژیانی واقیعیدا بژین، یاخود لەناو ژیان و جیهانی لاپەڕەکانی ڕۆمانێکدا بژین ژیانیان خاڵی نییە لە ڕووداو، چونکە بەهۆی دوو هێزی دژبەیەک ململانێ دروست دەبێت و کەسیتییەکان کردەوە دەنوێن و ئەمەش ڕووداوی هەمەجۆری لێدەکەوێتەوە، بۆیە بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤەکان بە کردەوەکانییانەوە بەندە. لەدوای (ئەرستۆ)شەوە فۆرمالیستە ڕووسەکان و لەناویشیاندا یەکەم کەس (ڤلادیمێر پرۆپ) کاتێک کاری لەسەر بەشە پێکهێنەرەکانی هەقایەتە ئەفسانەییەکان کرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە هەموو هەقایەتە ئەفسانەییەکان خاوەنی یەک بونیاتن و لە سی و یەک ئەرک دروست بوون، هەروەها باسی لەوەش کردووە، کە ((کردەوەی تاوانکار گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بە هۆیەوە جووڵەی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە دەستپێدەکات))[ئیبراهیمی،٢٠٢٣: ٢٤]. بێگومان هەموو ڕووداوێک لە بەرئەنجامی کردەوەیەکەوە دروست دەبێت و هەڵوێست و ڕەفتاری کەسێتییەکان و دروستبوونی ململانێکانیان لەگەڵ کەسێتییەکانی دیکە دەبێتە هۆی دروستبوون و جووڵەپێکردن و بەرەو ترۆپک بردن و هەڵکشانی زنجیرەی ڕووداوەکان لە سادەوە بۆ ئاڵۆز و دواتر ئاسایی کردنەوەیان.

گرنگی و تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی ڕووداو لەناو گێڕانەوەدا لەسەر دەستی نووسەری فەرەنسی (موپاسان Guy de Maupassant) زیاتر ڕوونکرایەوە بەهۆی ئەوەی، کە ((لە ژێر کاریگەری ڕەوت و ئاراستەیەکی واقیعی نوێدابوو، هەروەها بە جۆرێکی جیاواز لە ژیانی دەروانی و پێی وابوو، کە ژیان لە چەند ساتێکی جیاواز پێکدێت، بۆیە لە ڕوانگەی (موپاسان)ەوە چیرۆک بریتییە: لە وێناکردنی تاکە ڕووداوێک لە یەک کاتدا بە جۆرێک، کە نە لە پێش خۆیی و نە لەدوای خۆی جیا نابێتەوە. لە ڕاستیدا بانگەوازەکەی (موپاسان) بووە هۆی ئەوەی، کە زۆرێک لە نووسەرانی، وەکو (ئەنتوان چیخۆف، کاتریل مانسفێلد، لویجی براندلو) پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی ئەو بکەن و ڕەگەزی ڕووداویان بە ڕەگەزێکی گرنگ دانا لە بونیاتنانی چیرۆکدا))[شریبط،١٩٩٨: ٢٢]، هەروەها (ئیتیان سۆریۆ E. Souriau) لە بارەی بەهاو گرنگی ڕەگەزی ڕووداو لەناو ڕۆماندا بۆچوونی وایە، کە ((ڕووداو بونیاتێکی وێنەییە و لە کاتێکی دیاریکراودا بەهۆی سیستمێکی وێنەیی بەهێزەوە دەکێشرێت و لە لایەن کەسێتییەکانەوە جووڵەی پێدەکرێت))[زيتوني،٢٠٠٢: ٧٤] بەپێی بۆچوونەکەی (سۆریۆ) لە پشت هەر یەکێک لە کەسێتییەکانەوە ڕووداوێک ئامادەیی هەیە، بۆئەوەی جووڵەی ڕووداوەکانیش بەردەوامیان هەبێت پێویستی بە جووڵەی کەسێتییەکان دەبێت.

ئەو گرنگییەی، کە ڕەگەزی ڕووداو هەیەتی وایکردووە بۆ هەر دەقێکی گێڕانەوەیی بایەخی هەبێت، چونکە هەموو گێڕانەوەیەک ((ئەو کاتە شێوە و فۆڕمێکی دەبێت، کە وێنای ڕووداوێکی تەواو بکێشێت و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت و پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان ئەو سێ بەشەدا هەبێت))[رشدي،١٩٦٤: ١١٥]. لە ڕۆمانی نوێشدا نووسەر تەنیا بە باسکردنی ڕووداوێکەوە ناوەستێ بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی، کە چەندین کەسێتی بە دەنگی خۆیان دەدوێن ئەم فرە دەنگییەش ڕۆمانەکە دەکاتە خاوەنی کۆمەڵە ڕووداوێک. ئیدی لێرەوە ((ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان یەک ڕووداو نییە، بەڵکو ڕۆمان بریتیی دەبێت لە گێڕانەوەی چەندین ڕووداو، ئەم فرەییە لە ڕووداو، کاریگەری لە پێدانی ئازادی بە کارەکتەر دەبێت، چونکە لەوێدا هەر کارەکتەرە خاوەن چیرۆکی خۆیەتی، کەواتە خاوەن ڕووداوە، کە جیایە لە ڕووداوی کارەکتەرێکی دیکە))[مەنتک،٢٠١٣: ١١٨،١١٧]. کەواتە ڕووداو ئەو ڕەگەزە گرنگەیە، کە لەناو ژانرێکی، وەکو ڕۆماندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و یەکێکە لە ڕەگەزە پێویستییەکانی ئەم ژانرە، چونکە ئەوەی وادەکات دەقێک پڕ جووڵە بێت و ڕووە هونەرییەکەی بەدیار بکەوێت ڕەگەزی ڕووداوە و ڕووداوەکان دەبنە پایە و کۆڵەیەکەیەکی گرنگ بۆ بونیاتی دەقەکە و گەرموگوڕی بە گێڕانەوەکە دەبەخشن.

**٣- شوێن (Place):-**

شوێن لە ژیانی واقیعیدا ئەو ژینگەیەیە، کە ڕووداوەکانی لە کات و ساتێکدا تێدا ڕوودەدات و بەهۆی ململانێ و بەریەککەوتن و کارلێکی مرۆڤەکانیش لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت و تاکەکانی ناو کۆمەڵگەش بەهۆی جموجووڵە بەردەوامەکانییانەوە کار و ئەرکەکانیان لەناو شوێندا ڕێکدەخەن، واتە شوێن ((ئەو بوونەیە کە مرۆڤ و زیندەوەران لەخۆدەگرێت. شوێنەکەی، یا سەر زەوی، یا ئاسمانە، یا دەریایە. هیچ ڕووداوێک بێ شوێن ڕوونادات. شوێن لە ژیاندا کارلێکەر و کارلێکراوە))[حوسێن،٢٠٠١، ١٦٣] تەنانەت ئەو پەیوەندییە بەتینەی، کە شوێن بە ژیانەوە، هەیەتی وایکردووە شوێن هەمیشە گرنگییەکی تایبەتی هەبێت لە ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەدا، چونکە ((شوێن ئەگەر پەیوەندی بە ژیانەوە نەبێت، گرنگی نییە، ئیتر مرۆڤ، یان ئاژەڵ بێت و لە هەر ئەستێرەیەکدا بێت، چونکە ئەو شوێنەیە، کە ژیانی تێدایە))[ڕەئوف،٢٠١٢: ٣٦]. شوێن، وەکو ڕەگەزێک چەندێک لە ژیانی واقیعیدا گرنگە، هێندەش لەناو ڕۆماندا گرنگە و وەکو هەریەک لە ڕەگەزەکانی (کەسێتی، ڕووداو، کات) لە بونیاتنانی هەر دەقێکی گێڕانەوەییدا بایەخی خۆی هەیە، چونکە دیارترین ڕەگەزی هونەرییە، بۆ بونیاتنانی دەقێکی گێڕانەوەیی و هۆکارێکی باشە بۆ یارمەتیدانی نووسەر، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزەوە پەیامەکانی بە باشی بگەیەنێتە خوێنەر، لەبەرئەوەی ((شوێن ڕێگە بە نووسەر دەدات زیاتر بە ئامانجەکەی بگات لە هەر توخمێکیتر، کە بەشداری لە هەمان کاردا بکات، چونکە نووسەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ناوەڕۆکی کارەکەیی و ئەوەی، کە دەیەوێت دەریببڕێت و بۆ وەرگری بگوازێتەوە، هەروەها شوێن وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی ناو ڕەگەزەکانیتر فەزا و فاکتەریکی گرنگە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزانەی، کە لە دەوروبەر و ژیانی کەسێتییەکاندا هەیە، کەسێتییەکان بۆئەوەی بجوڵێن پێویستیان بە شوێنێک دەبێت، هەروەها کاتیش پێویستی بە شوێنێک هەیە، کە تێیدا ڕوودەدات بەهەمانشێوە ڕووداوەکانیش پێویستیان بە شوێن دەبێت، چونکە هیچ ڕووداوێک لە بۆشایدا ڕوونادات))[علي،٢٠٢١: ٥٦٥]، بۆیە شوێن لەناو ڕۆماندا ((دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان و گۆڕەپانی ململانێکان، کە تەواو هەستی خوێنەر دەوروژێنێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەو وەسف و پیاهەڵدانەی، کە ڕۆماننووس بەرامبەر شوێنەکان پیشانیدەدات، خاڵێکی جوانکاری دەقەکە و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت))[قادر،٢٠٠٩: ٥٧].

لە بارەی گرنگی شوێن لە کاری هونەریدا (یوری لوتمان) دەڵێت: (شوێن لە کارە هونەرییەکاندا پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە (تابلۆیەکی هونەری، پەیکەرێک، هۆنراوەیەک، یان ڕۆمانێک) هەریەک لەم کارە هونەرییانە شوێنێکی دیاریکراو داگیر دەکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە جەوهەری هەریەک لەو کارە هونەرییانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هونەرمەند لە شوێنێکی سنورداردا وێنای واقعێک دەکێشێت، کە فراوانتر و گشتگیرترە لەو جیهانە پان و بەرینەی، کە لە واقیعدا بوونی هەیە، واتە هونەرمەند لە کارە هونەرییەکەیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و بنەما و نەریتی هونەرییەوە نوێنەرایەتی جیهانی واقیعی دەکات بۆ نموونە: ئەو یاسایانەی، کە بۆ هونەرمەندێکی نیگارکێش دانراون ڕێگەپێیدەدەن، کە لەسەر تابلۆیەکی دوو ڕەهەندی نوێنەرایەتی جیهانێکی سێ ڕەهەندی بکات)[جماعة من الباحثين،١٩٨٨: ٦٩،٦٥]. هەر لە بارەی شوێنەوە (حەسەن بەحراوی) ڕەگەزی شوێن بە تەواوکاری ڕەگەزەکانی دیکە دادەنێت لە دەقی گێڕانەوەییدا و پێیوایە، کە ((ناکرێت ڕەگەزی شوێن لە تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوە دابڕێت، بەڵکو ڕەگەزی شوێن لەناو گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی پتەو و هەمەچەشنی لەگەڵ ڕەگەزەکانی کەسێتی و کات و ڕووداو و گۆشەی گێڕانەوەدا هەیە، بۆیە ئەگەر ڕەگەزی شوێن لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەدا لەبەرچاو نەگیرێت تێگەیشتن لەو ڕۆڵەی، کە شوێن لەناو گێڕانەوەدا دەیگێڕێت قورس دەبێت))[بحراوي،١٩٩٠: ٢٦].

ڕەگەزی شوێن لەکاری ئەدەبی و لە پێشتردا، ئەگەر ڕۆڵەکەی تەنیا ئەوە بووبێت، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕووبدات، بەڵام لە ئێستادا و لەناو ژانرێکی، وەکو ڕۆماندا ڕۆڵ و گرنگییەکەی زۆر لەوە زیاترە، چونکە ((شوێن لە پیشاندانی تیمی چیرۆکەکەدا بەشداری دەکات. ڕۆڵی لە گرنگی بەخشینی دنیایەکی سەرنجهەڵگر و ڕەمز و دەلالەت و فانتازیا بە چیرۆک دەبینێت، هەروەها شوێن دەتوانێت گوزارشت لە ناوەوەی دەروونی کارەکتەرەکان بکات، لەبەرئەوە هەر شوێنێک بۆ خۆی هەڵگری واتایەکە و پێویستە نووسەر مامەڵەیەکی سادەی لەگەڵدا نەکات))[حمەعلی،٢٠١٠: ٨٩]، بەدەر لەوە ڕەگەزی شوێن لەناو ژانرێکی، وەکو ڕۆماندا ((خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستەم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی...، چونکە هەر شوێنە و دەسەڵاتگیری خۆی هەیە و خاوەنی ڕەهەند و ڕووبەری تایبەتی خۆیەتی بۆ ڕێگەدان بە جووڵەکردن و کردار و گفتوگۆکردن، هەروەها هەر شوێنێک ڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە. شوێن هەڵگری فرە دەلالە.))[ئیسماعیل،٢٠٠٩: ٢٥،٢٤].

ئەم فرە واتاییەش پارمەتییەکی باشی خوێنەر دەدات، تاوەکو لە ڕێگەی ئەو شوێنە جیاوازانەی، کە نووسەر چارەنووسی کەسێتییەکانی تێدا دیاریکردووە، زانیاری لەسەر باری دەروونی کەسێتییەکان دەستبکەوێت، کە کەسێتییەک تا چ ئەندازەیەک بە شوێنێکەوە هۆگرە و دوورکەوتنەوەی لێی تووشی خەم و پەژارەی دەکات، یاخود بە پێچەوانەوە دوورەپەرێزی و هۆگر نەبوونی کەسێتییەک بە شوێنێکەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کەسە لەو شوێنەدا تووشی خەم و مەینەتی بووە بەمەش شوێنەکەی بۆدەبێتە شوێنێکی ناهۆگر و پێوەی پەیوەست نابێت، یاخود ئەو شوێنەی ئەزموون نەکردووە، بۆیە زۆربەی کات بەهۆی شوێنەکانەوە کەسێتییەکان دەناسرێنەوە، یان شوێنەکان دەبنەهۆی ئەوەی، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی کەسێتییەکان دەربکەوێت، چونکە ((شوێن لە ڕۆماندا وێنەی کەسایەتی کارەکتەر و تێڕوانینی ئەومان پیشاندەدات، لەبەرئەوە وێنەکێشانی ئەو شوێنە لە هەمانکاتدا گوزارشت کردنە لە سروستی ژیان و بیرکردنەوە و هەستی ناوەوەی کارەکتەرەکان)) [ئەڵوەنی،٢٠٢١: ٧٢،٧١]. کەواتە شوێن، وەکو ڕەگەزێکی گرنگ لەناو ڕۆماندا یەکێک لەو پایە بنەڕەتییانە پێکدەهێنێت، کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بونیاتدەنرێت، هەروەها لە ڕووی (کەسێتی، ڕووداو، کات)یشەوە شوێن دەبێتە شاشەیەک و جووڵە و دیمەنەکان نیشاندەدات و بەرجەستەیان دەکاتەوە، هەر لەبەرئەمەیە، کە ڕەگەزی شوێن گرنگی و بەهایەکی تایبەتی لەناو ڕۆماندا هەیە چ لە ڕووی هونەرییەوە چ لە ڕووی ئیستاتیکییەوە، هەروەها لە ڕووی کاریگەری و کارتێکردنیش لەسەر بیر و هزری خوێنەر، بۆیە ناگونجێت و ناکرێت دەقی ڕۆمانێک بەبێ ڕەگەزی شوێن بونیاتبنرێت، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا شوێنەکان دەبنە هۆکارێک بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و دەرگای پرسیاری بەڕوودا واڵا دەکەن لەسەر ئەو شوێنە جیاوازانەی، کە نووسەر لە چوارچێوەی بەرهەمەکەیدا دایمەزراندوون.

**٤- کات (Time):-**

ئەو کاتە واقیعی و سروشتییەی، کە مرۆڤ و بوونەوەرەکان تێیدا جووڵە دەکەن، کاتێکە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ی هەیە و ڕووداوەکانی تێدا ڕێکدەخرێت و بەدوایەکداهاتنی ئەو سێ کاتەش بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەکە و لە بنەڕەتدا بوونێکی زنجیرەیی و هەمیشە نەپچڕاوی هەیە و لەسەر یەک هێڵی ڕێک و ئاسۆیی دەڕوات و لە ژێر ویست و دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، چونکە ((کات دیاردەیەکی گەردوونیە و پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بە هەموو ڕەهەند و ئاستە بەرزەکانی و ئاستەمە بتوانین کاتێک لە دەرەوەی ڕیتمی ژیانەوە وێنا بکەین، بۆیە ژیان سیولەیەکی کاتی بەردەوامە و تێیدا ڕابردوو و ئێستا و ئاینده بەیەک دەگەن))[ڕەئوف،٢٠١٢: ١٢٣]، ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە هەر ڕووداوێک، کە بەسەر مرۆڤ و جیهانەکەیدا بێت لە چوارچێوەی کاتدا ڕوودەدات ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە بایەخ بە کات بدات و بۆ هەر جوڵانەوەیەکی پەیوەست بێت بە کاتەوە و کاروبارەکانی ژیانی لەناو کاتەکانی (ڕۆژ، شەو، هەفتە، مانگ، ساڵ، وەرز)ەکاندا ڕێکبخات، چونکە ((کاتێک هەیە تیایدا ئەچین بۆ کار، کاتێک هەیە، بۆ حەوانەوە، کاتێکیش بۆ خەو.. ئادەمیزادیش لە ڕێی ڕیتمە سەرەکییەکانی ژیانەوە لە جیهاندا هۆشیاریی دەبێت بە کات، بەرلەوەی ئەم ڕیتمانە لە "کاتی سەعات"دا پێکەوە ببەسترێنەوە، ئەو کاتەی کە بۆ هەمووان وەکو یەکە و بەهۆیەوە چالاکییە جیاوازەکانمان ڕێکدەخرێن)) [ماکواری،٢٠٠٧: ١٤٩].

سەبارەت بە ڕەگەزی کات (مارتن هایدگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا بەمشێوەیە ئەم ڕەگەزە دەناسێنێت و دەڵێت: ((کات لە بوونی مرۆڤدا بەردەوامیە و ساتەکانی پارچە ناکرێن. بەردەوامییەکە (ئێستا)ی تێدا دەبێت بە (ڕابردوو) داهاتووشی بە (ئێستا). (ڕابردوو)، (ئێستا) و (داهاتوو)ی زنجیرەیەکی نەپچڕاون))[کەمال،٢٠٠٧: ١٥٣،١٥٤] ئەم پێناسەیەی (هایدگەر) بۆ کات زیاتر پەیوەستە بەو کاتە واقیعییەوە، کە مرۆڤ سەرجەم چالاکییەکانی لە قۆناغەکانی ژیانیدا ڕێکدەخات و ناتوانێت پاش و پێش بە کاتەکان بکات، بە شێوەیەک کاتی ڕابردوو، کە تێپەڕی توانای گەڕاندنەوەی نییە کاتی داهاتووش ئەو کاتەیە، کە نادیار و نەزانراوە و مرۆڤ هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەدات، تاوەکو بەهەمانشێوەی هەردوو کاتی (ڕابردوو، ئێستا) ئەزموونەکانی تێدا تاقیبکاتەوە.

کەواتە کات چۆن لە ژیان و جیهانی واقیعیدا گرنگی خۆی هەیە بەهەمانشێوە لەناو ڕۆمانیشدا گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەو کاتەی، کە لەناو ڕۆماندا بونیاتدەنرێت زۆر جیاوازە لەو کاتەی، کە لەناو جیهانی واقیعیدا هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی، کە لە ڕێگەی بیر و زەینی نووسەرەوە بە زمان دەخوڵقێنرێت پابەندی ئەو ڕەهەندە کاتییە نابێت، کە لە جیهانی واقیعیدا هەیە، بۆیە ڕیزبەندی کات لەسەر ڕەوتە ئاساییەکەی خۆی نامێنێت و تێکدەشکێندرێت، چونکە ((ئەدەب ناواقیعیکردنی واقیعە و نامۆکردنی ئاساییە، هەروەها لە ڕۆماندا هەندێک

تەکنیک هەیە بەهۆی ڕەگەزی کاتەوە دروست دەبێت و دەبێتەهۆی تێکشکاندنی سیمای جێگرەوەی کات و پێچەوانەکردنی ئەو کاتەی کە لە دەروەی ئەدەبدا بوونی هەیە، جگە لەوەش بنەمای سەرەکی ڕۆمان کارکردنە لەگەڵ خەیاڵدا...، چونکە خەیاڵ گەڕانەوەیە، تێکشکانە، زوو تێپەڕینە، پێشکەوتنە، گرژبوونە، خاوبوونەوەیە)) [عەزیز،٢٠٢٢: ٨٥].

ئەنجامدانی ئەم کارەش تەنیا لەناو جیهانی ڕۆماندا دەست دەدات، چونکە کاتێک نووسەر کاتی واقیعی لەناو کاتە خودییەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە شیدەکاتەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کاتەکان پاش و پێش و پارچە پارچە بکات و لەسەر بنەمای خەیاڵەکانی دووبارە کات لەناو دەقەکەیدا بونیاتبنێتەوە و کات لە نائامادەییەوە بۆ ئامادە بگۆڕێت و ئێستای کات بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە و دووبارە ڕابردوو بهێنێتەوە ناو گێڕانەوەکەیی و لە ڕێچکە گشتی و دەرەکییەکەی کاتی سروشتی لایبدات ((هەموو ئەوانەش بەستراونەتەوە بە ڕەوتی ڕووداوەکان و چۆنییەتی بیرکردنەوە و توانای نووسەرەوە، کە بتوانێت پاش و پێش بە کاتەکان بکات بەشێوەیەک کرۆک و ڕەوتی ڕووداوەکان نەشێوێنێت))[حسێن،٢٠٢١: ٢١]. کەواتە ڕەگەزی کات هەروەک چۆن لە ژیانی واقیعی و ڕۆژانەدا گرنگە، هەروەکو (تۆماس ئیلیۆت Thomas Eliot) دەڵێت: ((بۆ هەموو شتێک کاتێک هەیە، بۆ هەموو کارێک لە ژێر ئاسماندا، بۆ لە دایکبوون کاتێک هەیە، بۆ مردن کاتێک هەیە))[قەرەداخی،٢٠٠٨: ٥٧]، هەروەها لەناو جیهانی ڕۆمانیشدا کات هاوشێوەی جیهانی واقیعی ئەو بایەخەی هەیە بۆ کەسێتییەکان، بۆ ژیانکردنیان بۆ گەڕانەوە و نەگەڕانەوەیان، مردن و لەناوچوونیان بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەستی جووڵە و کردارەکانیانە کاتێک هەیە، بۆیە ڕۆمان بەبێ بوونی کات هیچ واتایەک نادات، لەبەرئەوەی ڕەگەزی کات، گیانێکی زیندوو بە کەسێتییەکان، شوێن و ڕووداوەکان و تەواوی گێڕانەوەکە دەبەخشێت.

## بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لەناو ڕۆمانەکەدا:

### تەوەری یەکەم: ڕەگەزی کەسێتی لە ڕووی پێکهاتەوە:

**١- کەسێتی پەرەسێن Round Character:** ئەمجۆرە کەسێتییە ((وەک هەر کەسێتیەکی ئاسایی خاوەنی چەندین ڕەهەندی مرۆییە، ئەویش هەست و سۆز و بیر و بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی، هەربۆیە سیفەت و پێکهاتەی کەسایەتی لە ئەنجامی کاریگەری ڕووداوەکانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، لە هەڵوێستێکەوە دەچێتە هەڵوێستێکی دیکە. چیرۆکنووس لە وێنەکێشانی ئەم کارەکتەرەدا هەموو لایەنەکانی ژیانی بە یەکجار ناخاتەڕوو، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ گەشەی پێدەدات، تا خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات))[حمەعلی،٢٠١٠: ٨٤،٨٥].

**(مەرجان)** یەکێکە لە کەسێتییە سەرەکی و پەرەسێنەکانی ناو ئەم ڕۆمانە و خاوەنی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی تایبەت بەخۆیەتی و ئەم تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی هەبێت، هەروەها بەهۆی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان لە هەڵوێستێکەوە دەچێتە هەڵوێستێکی دیکە ئەمەش ئاستی بیرکردنەوەکانی بەرانبەر بە ڕووداوەکان فراوانتر دەکات، بۆیە لەسەرەتا، تاوەکو کۆتایی گێڕانەوەکە جووڵەیەکی بەردەوام و گەشەسەندووی هەیە. (مەرجان) پێشئەوەی کەڵکەڵە و خولیای گەشتێکی بەردەوام بکەوێتە سەری و کەشتییەکەی بخاتە جووڵە و بەرەوڕووی تیشکەکانی خەون بڕوات خولیایەکی دیکە بیرکردنەوەکانی داگیر دەکات و بە کارێکی دیکەوە سەرقاڵ دەبێت، بەڵام ئەم کارەی بۆ هیچ کەسێک لە کەسێتییەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە باس ناکات و نایدرکێنێت، بەڵام سەرباری ئەوەش ناتوانێت درێژە بە شاردنەوەی ئەو ڕاز و نهێنییەی ناو دڵی بدات، بۆیە ئەو نهێنییە بۆ یەکێک لە کەسێتییەکان بە ناوی (زێفیر) باس دەکات و دەڵێت: **((جاران ئیشێکی ترم ئەکرد.. بابڵێین من ناوی ئەنێم نمایش، ژنەکەم و منداڵەکانم ناویان نابوو پەتبازێن... من بۆ پارە ئەو ئیشەم نەدەکرد، نەخێر! سەرسام بوم بە زاتی ئەو کەسەی ئەیوێرا، لەسەر پەتێکی باریک لەوبەر بۆ ئەمبەری دوو خانوو بڕوات و پارسەنگی تێکنەچێت))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٦١] لە درێژەی گفتوگۆکانیشیدا باس لەوە دەکات، کە حەزی دەست بردن بۆ ئەم کارە بەهۆی کۆمەڵە کەسێکەوە بووە، کە گەڕیدەی شاران بوون و هەفتەیەک پێش ڕۆشتنیان لەو شارەی ئەم کۆمەڵە نمایشێک ئەنجامدەدەن ئەمیش، وەکو بینەرێکی ئەو نمایشە سەرسامی جووڵە و کردارەکانیان دەبێت و ئیدی لەو کاتەوەی، کە ئەو کەسانەی بینیوە دڵی چووەتە سەر ئەو کارە و ئەو گەشتانەی، کە ئەوان کردوویانە و دەڵێت: **((بە ڕێکەوت کۆمەڵێک کەس بەو شارەی مندا تێدەپەڕین، ئەو کۆمەڵە کەسە باریان خستبووە سەر کەر و ئەسپ و ناو دروشکە، پێش ڕۆیشتنیان چەند یارییەکی زۆر تایبەتیان پێشکەش بە خەڵکەکە کردبوو. پێشدەچوو خێزانێک بن... هەر**

**یەکە و شتێکی دەکرد. پیاوەکە خۆی، حەبلێکی بەمبەر و ئەوبەری سەربانی دوو ماڵدا گرێ دا، ئینجا دارێکی باریکی درێژی گرتە دەست، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چاوی داخست و کردییەوە. من وا هەستم کرد کە چۆتە ناوەوەی خۆی، ئیدی ئاگای لەکەس نەما لەو خەڵکەی لە خوارەوە تەماشایان دەکرد. کەوتە ڕۆیشتن بەسەر پەتەکە، بێ ئەوەی پارسەنگی تێک بچێت))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٦١،٢٦٢]. سەرسامی ئەم کەسێتییە بۆ ئەو کارە هانیدەدات خێزانەکەی ڕازی بکات، کە ئەمانیش ئەو کارە تاقیبکەنەوە و ئەنجامی بدەن، بەڵام، لەبەرئەوەی ئەزموونێکی ئوتۆیان لەو کارەدا نییە و هیچ مەشق و ڕاهێنانێکیش ناکەن، نمایشەکانیان نابێتە جێسەرنجی خەڵکی، بۆیە ئەم کارەیان ئەنجامێکی نابێت و هەر زوو وازی لێدەهێنێت، هەروەکو گێڕەرەوەی دەقەکە باسی دەکات و دەڵێت: **((ئەوەی کردی هەر نزیکی نەکردۆتەوە لە هیچ، هەمیشە هەستی کردووە شتێک هەیە لە جێیەک کە لێی ڕوون نییە چییە، دەبێ پێی بگات! ئیدی لە بێزاریدا وازی لەو ژیانەش هێناوە))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٦٤].

ئەوەی مەرجان مەبەستییەتی لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا ئەوەیە، کە دەیەوێت گرێیی ئەو خەیاڵانەی بکاتەوە، کە بەردەوام قولاپیان لە شتێکی ون و نادیار گیر دەکەن، بۆیە دوای وازهێنان لەم کارە وەسییەتەکەی باوکی جێبەجێدەکات، کە بگەڕێتەوە بۆ (بەسرا) و کەشتییەکە هەڵبسوڕێنێت، هەروەکو گێڕەرەوەی دەقەکە باسی دەکات و دەڵێت: **((ئەو کە هیچی لە کەشتیوانیی نەزانیوە، دەریاوان نەبووە، چۆن بکەوێتە دوای ماسی گرتن و مەرجان دەرکردن لە قوڵایی دەریادا؟ نە چەتەش بووە، بە قەولی خۆی، تاکو بەدوای خەیاڵپڵاویی گەنجینەی دورگەکان بکەوێت! ناچار وەک باوکی و لەسەر وەسێتەکەی ئەو، کەوتۆتە بەکرێدانی کەشتییەکە بۆ ڕاوە ماسی و ئاڵوگۆڕی شمەک))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٦٥] (مەرجان) بۆ چەند مانگێک لەسەر ئەم پیشەیە بەردەوامدەبێت و داهاتێکی باش کۆدەکاتەوە و یەکەم تروسکەی گەشتەکانیشی لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە بە دیداری (زێفیر) ئاشنا دەبێت و دەیناسێت. خولیای ئەم کەسێتییە بۆ گەشتکردن و تەیکردنی هەموو شوێنێک بەدوای تیشکەکانی خەوندا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر لایەنی هزری و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانیدا دەهێنێت و بەقووڵی ئاشقی دەریا دەبێت، بۆیە بەبێ ئەوەی بیر لە مەترسی هەر ڕووداوێک بکاتەوە، کە ڕەنگە لە گەشتکردندا لەناو دەریادا بێتە ڕێگەیان بەتەواوی بیرکردنەوەکانی داگیر دەکات و سووربوون لەسەر ڕۆیشتن بەرەوپیری خەونەکەی ڕادەگەیەنێت و ئامادەیە هەموو ژیانیشی بۆ هێنانەدی ئەو خەونە تەرخان بکات، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((هەتا مردن پێم خۆشە دوای خەونی خۆم بکەوم، نەک دەستخەڕۆ دانیشم و بۆ بەدبەختی خۆم شین و شەپۆرم بێت!))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٣٢] بەهۆی ئەو ڕووداوانەشەوە بیروبۆچوونەکانی ئەم کەسێتییە زیاتر پەرە دەسێنێت و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دروست دەکات و بەرەو پیشەوەیان دەبات بە تایبەتیش کاتێک (مەرجان) و دەستەکەی ئاراستەی کەشتییەکەیان لە خەون لادەدات و لە ناوەڕاستی دەریادا بە وەستاوی و بەبێ جوڵە دەمێننەوە لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (زێفیر)دا سەبارەت بەو دۆخەیان دەڵێت: **((دەریاش لەلام وەک ژمارەی بێ کۆتاییە، هەروەک خەون، کە نازانین ئەمسەر و ئەوسەری کامەیە، کەچی هەر ملی لێ ئەنێین و خۆمان بە بینینی وشکاییەک هەڵئەخەڵەتێنین و دەڵێین گەیشتووینەتە شوێنێک. ئەبینی زێفیر؟ من لەکاتێکدا کە خەونیشم دەوەستێت ئەنووسم و بەوە خەونەکەم چالاک ئەکەمەوە، چونکە نووسین دیوەکەی تری خەونە، ئەمیش ئازادییە، بێ بەر و بێ کەنارە))**[سەلمان،٢٠٢١: ٣٤٠].

لێرەدا (مەرجان) نووسین دەکاتە هۆکارێک بۆ چالاککردنی خەونەکەی، چونکە ئەم پێیی وایە تەنیا ئەو کەسانە ئازادن، کە هزر و ڕوانینی خۆیان لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە ئازاد کردووە و جوانییەکانی نووسین تەنیا لە بەتاڵکردنەوەی بیرۆکەکانیاندا نابیننەوە، بەڵکو لەدوای خۆیانەوە ڕاستییەکی جوان بەجێدەهێڵن و خوێنەر دەخەنە بەر تیشکی هەقیقەتی ئەو ڕاستییە ئەمەش بۆخۆی بزواندنی ئەو خەونەیە، کە لە خەیاڵی نووسەرێکی ئازاددا هەیە، چونکە نووسەری ئازاد خاوەنی بیرکردنەوەی ئازاد و دەربڕینی ئازادە و وشەکانی ئازادانە لە ئاسمانی نووسیندا باڵەفڕە دەکەن خودی ئەم ئازادییەش بە ئاسوودەیی دەیگەیەنێت، چونکە خەیاڵەکانی بۆ نووسین لە پێش هەموو ئەوانی دیکەوە ئازاد کردووە و ناکەوێتە ژێر ڕکێفی خەون و خەیاڵی هیچ کەسێکەوە، هەروەکو (نیکۆلای بێردیایف) دەڵێت: ((ئازادی تەنیا ئەوە نییە تەسەور بکەیت، یان هەست بکەیت ئازادی. ئازادی لە بنەڕەتدا بیرکردنەوەی ئازاد و کردەوەی ئازادە، ویستی ئازاد و خەیاڵی ئازادە))[حەمەعەلی،٢٠٢١: ١٧١،١٧٢].

**(زێفیر)** یەکێکی دیکەیە لە کەسێتییە پەرەسێنەکانی ناو ئەم ڕۆمانە ئەم کەسێتییە بەهۆی ئەو دۆخە بێکەسییەی، کە تێیکەوتووە وشکایی بۆ ئەو دەبێتە ماڵێکی کاتی و لەنگەرگاکانیش دەکاتە ماڵێکی هەمیشەیی بۆخۆی، بۆیە

ئەو شتەی، کە زۆر شادمان و دڵخۆشی دەکات گەشتکردنە بۆناو دەریا، چونکە گەشت بۆ ئەم دەبێتە شوناسێک و قەرەبووی بێکەسی و بێماڵی بۆ دەکاتەوە، بۆیە هەموو ژیانی پەیوەست دەکات بە گەشت و دەریاوە. یەکەم وەرچەرخانی ژیانی ئەم کەسێتییە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە (مەرجان) داوایلێدەکات، هاوگەشتی بێت و قەرزەکەشی بۆدەداتەوە (زێفیر)یش بە داواکارییەکی ڕازی دەبێت، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((منیش هەتا بڵێی ئەو داواکارییەم پێخۆش بوو، بگرە خەریک بوو لە شادمانیدا ببورێمەوە، چونکە کەشتییەکەم بینیبوو، ئەوەندەی دیکە دڵی بزواندم... من هەموو ژیانم خەونم بە گەشتی سەر ئەو جۆرە کەشتییەوە بینی بوو. ئەو ساتەش هاتۆتە بەردەستم، ئیتر چۆن بموتبایە نا!))**[سەلمان،٢٠٢١: ٧٩،٨٠] (زێفیر) دەیەوێت ئازاد بێت و چیتر نەبێتە سێبەر و پاشکۆی کەس، بۆیە بڕیاری گەشتەکانی لەگەڵ (مەرجان) دەستپێدەکات لە بەردەوامی ئەو گەشتانەشی گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیدا دێت، بەڵام ئەو ڕووداوەی، کە وەرچەرخانێکی زیاتر لە ژیانیدا دروست دەکات خۆشەویستی ژنێکە کاتێک لە گەشتەکانیاندا لەیەکێک لە بەندەرەکان لادەدن (زێفیر) بەدزی (مەرجان)ەوە لەگەڵ ژنێکدا دەڕۆن بۆ شوێنێک لەناو گەشتیارگەیەکدا، ماوەیەک بەیەکەوە دەمێننەوە، لەو ماوەیەشدا خۆشەویستی ئەو ژنە لە دڵی (زێفیر)دا بناغە دادەنێت و لە گفتوگۆیەکی نێوان (زێفیر) و ئەو ژنەدا، (زێفیر) بەمشێوەیە دەکەوێتە گفتوگۆ و لێیدەپرسێت: **((چی هێنایتییە سەر ئەم ڕێیە؟ جوانییەکەت ڕێخۆشکەرە ئارەزووت لە کام پیاو بێت بتکاتە هاوسەری خۆیی و خێزان پێکەوە بنێیت! ئەویش بە کزی، وەک شەرم لەو قسەیە بکات، پێی وت، کەس ئەوندە بایەخی بە جوانیم نەداوە! ئەوەی لەگەڵم جووت دەبێت سەیری لەشو لارم دەکات، دواییش تامی گۆشتم دەکات! هەرچیشم بەسەر دێت خۆم بەسەری خۆمم هێناوە))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٣،١٤] نووسەر لە ڕێگەی ئەم کەسێتییەوە باسی ئازار و خەمی ژنێک دەکات، کە بە قوربانیدانی جەستەی خۆی بۆ دابینکردنی نانێکی ڕۆژانەی شەرم لە کاڵبوونەوەی مرۆڤبوونی خۆی دەکات لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها باس لە نەریتی ئەو پیاوانە دەکات، کە بۆ تێرکردنی حەزی خۆیان لەزەت لە جەستەی مرۆڤێکی بێتاوان وەردەگرن، هەر خودی ئەو پیاوانەش بە کەم و بێبەها دەڕواننە ئەو جۆرە ژنانە و پەنجەی تاوان و عەیبەیان بۆ درێژ دەکەن، هەروەها باسی شەرمی ژنێک دەکات لە بەرانبەر ئەو کارەی، کە دەیکات خۆی بە تاوانبار دەزانێت، دروستبوونی ئەم هەستی شەرمەش لە لای کەسێک لە کاتێکدا دروست دەبێت، کە ((خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا قیاس دەکات، یان لەهەر نۆرم و یاسایەک، یان بەڵێنێک لادەدات و ئەم حاڵەتە لەخۆگری هەستکردن بە کردەوەیەکی ناشایستە، یان لە ڕوانگەی خۆیانەوە، یان لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە بە عەیب دەزانرێت))[عەزیزی،٢٠٢١: ٤٢] ئەوەی باری سەر دڵی ئەم کەسێتییە زیاتر و قورستر دەکات ئەو هیوا و ئومێدەیە، کە بەو ژنەی دەدات بەوەی، کە لەگەڵ خۆی ببیات و لەو دۆخە نالەبارە ڕزگاری بکات، بەڵام بەهۆی ڕێگرییەکانی (مەرجان)ەوە ناتوانێت بەڵێنەکەی بباتە سەر، چونکە (مەرجان) ڕێگە بە هیچ یەکێک لە دەستەکەی نادات، کە ژن لەگەڵ خۆیان ببەن و لەو گەشتانەدا بەشداری پێبکەن (زێفیر)یش لە کۆتا دیداری لەگەڵ ئەو ژنەدا **((لە خەجاڵەتییدا بە قورسی چاوی هەڵبڕی و سەیری کرد. ئومێدێکی زۆری بۆ دەرخست، کە جارێکی دیکە بەدوایدا دەگەڕێتەوە. ئەو باش لەو نیگایە تێگەیشت، گوتی، ئەوەی پێشنیارت کردم، ئازادیی بوو، خەونێکی ئێجگار گەورەبوو، خەونی گەورەش وەها بەئاسانی نایەتەدی! زۆر کەسی تر، کە هیچیشیان لەسەر نەدەزانیم ئەوەیان پێ گوتووم! ئەزانم، کە ڕۆیشتیت جارێکی تر ناگەڕێیتەوە))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٧]، ئیدی لێرەوە گەشتەکانی ئەم کەسێتییە تۆختر دەبێتەوە لەپێناو ئەوەی، کە ڕۆژێک بگەڕێتەوە بۆلای خۆشەویستەکەی، بۆئەوەی بەختەوەری بخاتە ژیانییەوە و مرۆڤ بوونی لە درز و شکان بپارێزێت. ئەم خۆشەویستییە دەبێتە فاکەتەرێکی بەهێز و بە درێژایی ڕۆمانەکە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی ئەم کەسێتییەدا دەهێنێت.

**(تەشکین)** یەکێکی دیکەیە لە کەسێتیە پەرەسێنەکان و لەدوای مردنی دایک و باوکی و مانەوەی بە تەنیا بەو بڕە پارەیەی، کە دایکی بۆی بەجێدەهێڵێت چەند گەشتێکی کورت لەم شار بۆ ئەو شار ئەنجامدەدات، بەڵام هیچ یەکێک لەو گەشتانە لە باری تەنیاییەکەی کەم ناکاتەوە، هەتاوەکو ئەو کاتەی، کە ڕوو لە شاری (بەغداد) دەکات و لە ویلایەتی (بەسرا) نیشتەجێ دەبێت، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((کە چوومە ئەوێ خولیای گەشتی دەریا کەوتە سەرم، ئیدی ئەبوو لەوێوە بڕۆم. لەوێش، تا ماوەیەک لەناو کەشتییە لەنگەرگرتووەکان ئیشم کرد. ئەزموونیشم لە چێشتکردندا بواریدام لە گەشتیارگەکان کار بکەم))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٣٩]. ئەم کەسێتییە هەمانشێوەی کەسێتییەکانی دیکەی ناو ئەم ڕۆمانە دەیەوێت پەناگەیەکی ئەبەدی بۆ خۆی بدۆزێتەوە و خەونەکانی تێدا بچنێتەوە، بۆیە ئەو دۆخی تەنیاییەی دەیخاتە سەر خولیای گەشت و سێبەری کەشتییە لەنگەر گرتووەکانیشی بۆدەبێتە ماڵۆچکەیەکی ئارام، هەروەها باسی دۆخی تەنیاییەکەی دەکات، کە لە سەرەتادا نەیزانیوە چۆن ئەو دۆخی بیکەسییەی تێپەڕێنێت، بۆیە سەر دەکاتە خواردنەوە و زۆرێک لە پارەکانی بێهودە بە

مەی خواردنەوە خەرجەدەکات، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((تەنیاییم وای کردبوو، کە هەمیشە نزیک کەشتییەکان بم. کە کەشتی ئەگەیشتە ئەو دەربەندەی ئێمە، بە دوایاندا ئەچوومە ناو گەشتیارگەکەی لێی دائەبەزین. هەتا پارەم پێ ئەما سەرم ئەکردە سەر خواردنەوە، دواییش چاوەڕوان ئەبووم، کە یەکێکیان بێتە نهۆمی خوارەوە بۆ مەیخانەکەی، ئیتر ئا لەوێ لەگەڵیدا ئەکەوتمە قسەکردن و هەواڵپرسینی دنیا. دواییش توانیم بە چێشتلێنەر، لە گەشتخانەکەی زێفیر لێی دابەزی، ئیش بکەم))**[سەلمان،٢٠٢١: ١١٧] یەکەم وێستگەی گەشتەکانیشی لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە سەرۆکی گەشتەکە (مەرجان) هاوکارەکەی (زێفیر) ڕادەسپێرێت، کە بۆ گەشتەکەیان بانگەوازێک بڵاوبکاتەوە و تا دەتوانێت کەسانی لێهاتو و شارەزا و گەنج و خاوەن پیشە هەڵبژێرێت (تەشکین)یش دەبێتە یەکێک لەو کەسانەی، کە بۆ ئەم گەشتە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، ئەوەی، کە بۆ (تەشکین) گرنگە گەشتکردنە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە پەردەی ئەو تەنیاییەی لابدات، کە ساڵانێک ڕووخساری داپۆشیوە، ئیدی لێرەوە گەشتەکانی لەگەڵ (مەرجان) و دەستەکەدا دەستپێدەکات و ئاڕاستەی ژیانی دەگۆڕێت ئەم گۆڕانکارییەش لە بۆچوون و کردەوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە و باوەڕەکانی سەبارەت بە گەشتکردن زیاتر پەرەدەسێنێت، تەنانەت خەونەکانی خۆی لەناو گەشتدا دەبینێتەوە، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((ئەو خەونەی هەمبوو، ئەوەتا لەناویدا ئەژیم.. ئێمە لەناو دەریادا ئەمرین، بۆئەوەی ڕەوتی ڕاستی ژیان بدۆزینەوە))**[سەلمان،٢٠٢١: ١١٦]. لەم ڕۆمانەدا نووسەر لە ڕێگەی گەشتکردنەوە بڕیاردان لە ژیان و هەڵبژاردنی چارەنووسی خستووەتە دەستی هەر یەک لە کەسێتییەکان خۆیانەوە بەوەی ئازادن، کە بە نەگۆڕی لە ژیانیاندا بمێننەوە و واز لە گەشتکردن بهێنن، یاخود بە بڕیاردان لەو گەشتانە پەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە و دووبارە بکەونەوە سەر پێیەکانی خۆیان و بە ئومێدەوە جارێکی دیکە ئامێز بۆ ژیان بکەنەوە. ئەم بۆچوونەی ئەم کەسێتییەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ژیان، وەکو پرۆسەیەکی بەردەوام بە هەردوو دیوی خۆشی و ناخۆشییەوە مرۆڤ دەخاتە بەردەم هەڵسەنگاندنی قورس، بۆیە بڕیاردان لەسەر گۆڕینی چارەنووس و دەست خستنە سەر چارەنووسێکی دیکە بوێری دەوێت، چونکە تەنیا کەسە بوێرەکان زاتی ئەوە دەکەن، ئەو وێستگانەی ژیان ببڕن، کە پڕن لە ناڕەحەتی و ناخۆشی و دۆزینەوەی ڕەوتی ڕاست و ڕاستەقینەی ژیانیش بۆخۆی دیوێکە لە دیوەکانی ئازادی، لەبەرئەوەی ئازادی ((ئەو دۆخە نییە، کە تیایدا دەژین، بەڵکو ئەو دۆخەیە، کە دەمانەوێت هەبێت، بۆئەوەی تیایدا بژین))[سیوەیلی،٢٠٠٨: ٢٣٦] بۆ چوونە ناو ئەو دۆخەش پێویستە مرۆڤ لەگەڵ بڕیارەکانی خۆیدا تەبا بێت و ڕێگە نەدات دوودڵی و گومانەکانی خواست و ویستەکانی لێهەڵبوەشێنێتەوە، چونکە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی، کە مرۆڤ لە ژیان دەیخوازێت دەبێتە خەونێکی شاراوە و دۆزینەوەی ئەستەم و گران دەبێت.

**(ئارمان)** یەکێکی دیکەیە لە کەسێتییە پەرەسێنەکانی ناو ئەم ڕۆمانە و دوای کارەساتی لەدەستچوونی خێزان و منداڵەکەی لە شاری (بوشیهر) چەندین کار دەکات، بۆئەوەی بژێوی ڕۆژانەی دابینبکات یەکێک لەو پیشانەی، کە سەری پێوەدەنێت کاری شۆردن و ناشتنی لاشە، یان سووتاندنی مردووەکانە، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((کە مردووناشتن و سووتاندنی لاشە بوو بە پیشە، دەموچاوی مردنت لە بیر ئەچێتەوە، بەڵام لە وردە هەناسەکانتدا هەناسە ئەدات))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٢١] بینینی مەرگەساتی ئازیزان لای ئەم کەسێتییە واتای مردنێکی هەتاهەتایی ناگەیەنێت، بەڵکو واتای مردنێکی ڕۆژانەیی دەگەیەنێت، چونکە بینینی لاشەی هەر مردوویەک و شاردنەوەی جەستەکەیان شوێن پەنجە لەناو ڕۆحیدا جێدەهێڵێت و ڕەگ دادەکوتێت و مەرگی مردووەکان دەبێتە زەنگێک و پەنجە لە ئازار و برینەکانی وەردەدات، بەواتایەکی دیکە بەجێهێشتنی شوێنەواری مەرگ باڵادەستی خودی مەرگ دەسەلمێنێت بە جۆرێک، ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ مەرگیشدا بکەوێتە جەنگ و ململانێوە، وەکو ئەوە وایە جەنگێکی بێهودە بکات، چونکە مەرگ مرۆڤ دەکاتە قوربانییەک بۆ ناسینەوەی خۆی، بۆیە مەرگ دەبێتە ئەو ڕاستییە تاڵەی، کە بەردەوام لە هەموو شوێنێک ئامادەیی هەیە و هەمیشە خۆی بە ڕووخساری مرۆڤدا هەڵدەواسێت و هەرگیز ناتوانێت لێیهەڵبێت و لە خۆی دووریبخاتەوە بەمەش مەرگ دەبێتە دیارێکی نادیار و لەگەڵ نادیارییەکەشیدا هەمیشە بوونی خۆی لەناو بیر و زەینی مرۆڤدا دەقدەگرێت. خووگرتنی ئەم کەسێتییەش بە ناشتنی مردووەکان دەبێتە هۆی ئەوەی، کە وەکو تاقیکردنەوەیەک لە مردن دەڕوانێت، بۆیە هەوڵدەدات لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو بێت ئەویش لە ڕێگەی باوەڕهێنان بەوەی، کە مەرگ یەکێکە لەو تاقیکردنەوانەی، کە دەبێت هەمووکەس پێیدا تێپەڕ بکات، ئەم تاقیکردنەوەیەش دەبێتە یەکەم خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی ئەم کەسێتییەدا، بەمەش دووەم وێستگە و سەفەری ئەم کەسێتییە لە شاری (بوشیهر)ەوە بەرەو (هورمز) دەستپێدەکات و لەو شارەش بە چەند پیشەیەکی جیاواز دووبارە لە سەرەتاوە ژیانی دادەمەزرێنێتەوە و کار دەکات یەکێک لەو کارانەش، کە خۆی پێوە خەریک دەکات وتنەوە و فێرکردنی قورئانی پیرۆزە بە منداڵان، هەروەکو خۆی دەڵێت: **((کە نەمزانی چی بکەم بۆ بژێوی، کەسێکم ئەناسی لەبەر زمانڕەوانیم لە عەرەبیدا،**

**له حوجرەیەکی فێرکردنی قورئان دایانام. بەرامبەر بە یارمەتییەکی کەم منداڵانم فێری قورئان خوێندن ئەکرد))**[سەلمان،٢٠٢١: ٥٠]، بەڵام ئەم کارەشی یارمەتی نادات، بۆیە هەر زوو وازی لێدەهێنێت و خۆی بە کارێکی دیکەوە خەریک دەکات ئەویش هەڵسووڕاندنی بووکە دارینەکان و پێشکەشکردنی شانۆگەری بچووکە، بەڵام ئەم کارەش دیسان بژیوییەکی ئەوتۆی بۆ دابین ناکات و تەنیایی و بێنەوایی و بێکەسی بە جۆرێک تووشی سەرلێشێوان و بێزاری دەکات، کە هیچ شتێک دەربەستی نایەت، بەڵام هەموو ئەم ڕووداوانە وەرچەرخانێکی نوێ لە ژیانی ئەم کەسێتییەدا دروست دەکات. لەدوای تەواوکردنی نمایشی بووکە دارینەکانیش کاتێک بۆ یەکەمجار چاوی بە (مەرجان) و (زێفیر) دەکەوێت و دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە بارەی ژیان و گوزەرانی شار (ئارمان) دێتە سەر باسی ئەوەی، کە چی دەکەن لەو شارە و چ کارەن دوای ئەوەی لە زاری (مەرجان)ەوە دەبیستێت، کە گەشتکارن و بەناو دەریادا دەگەڕێن (ئارمان) دەڵێت: **((گەشتی کورتم کردووە، هەتا ئەو دوورگانەی دەوروبەر، بەڵام هەرگیز گەشتی زۆر دوورترم نەکردووە. لە کاتێکدا هەموو خەیاڵم لەو جۆرە گەشتەیان گیر ببوو و بۆم نەلواوە ملی لێ بنێم... من زۆرم پێ خۆشە گەشتی دەریا بکەم، ئەگەر ئێوە ڕێم پێ بدەن و لە کەشتییەکەتاندا جێم بکەنەوە.))**[سەلمان،٢٠٢١: ٤٢ـ٤٤] دوای ئەوەی، کە (مەرجان) داواکەی قبووڵدەکات، ئیدی لێرەوە سەفەرێکی نوێی ئەم کەسێتییە دەستپێدەکات و دەریا و گەشتکردن بۆناو شوێنە جیاوازەکان دەرگایەکی نوێی ژیان بە ڕوویدا دەکاتەوە بە ئومێدی ئەوەی، کە لەو بارە دەروونی و لە هەموو ئەو فشارانەی، کە مەرگی ئازیزانی و زەحمەتییەکانی ژیان بۆی دروستکردووە ڕزگاری ببێت، ئیدی بڕیار دەدات لە ڕۆیشتن بەردەوامبێت و بەدوای خەونەکەی بکەوێت، بۆیە دەڵێت: **((ئێمە هەموو ڕەنگدانەوەی گەردوونین. بەدوای خەوندا ئەسووڕێینەوە، ئەگەریش پێی نەگەین، یان مردین ئەوە جارێکی تر هەر بۆی ئەگەڕێینەوە))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٨٧] ئەمەش گرنگترین گۆڕان و پەرەسەندنە، کە لەم کەسێتییەدا ڕوودەدات، چونکە بەهۆی گەشتەکانەوە ڕوانگەی بۆ ژیان لە ڕەشبینییەوە بۆ گەشبینی دەگۆڕێت.

**٢- کەسێتی پەرەنەسێن Flat Character:** ئەمجۆرە کەسێتییە بە زۆری لە دەوری یەک بیرۆکەدا دەسووڕێتەوە و خاوەن یەک تێڕوانین و تایبەتمەندییە، خۆ ئەگەر گۆڕانکارییەکیشی تێدا ڕووبدات، ئەوا بەهۆی ئەو پەیوەنییانەوەیە، کە لەگەڵ کەسێتییەکانی دیکەدا هەیەتی، بۆیە هەرچەندە گۆڕانی ڕووداوەکان بەهێزبن کاریگەرییان لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی نابێت و هەمیشە، وەکو خۆی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. (یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کەسێتییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تەنیا ڕستەیەک بەسە بۆ ناساندنی بە خوێنەر، واتە پێویست بەوە ناکات چەند جارێک بناسێنرێت و ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ڕەهەندەکانی بخرێتەڕوو، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم کەسێتییە لەناو جیهانی ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی کامڵ و پێگەیشتوو لەدایک دەبێت و دەردەکەوێت) [أحمد،٢٠١٢: ١٣٣].

**(ئەسوەد)** یەکێکە لە کەسێتییە پەرەنەسێنەکانی ناو ڕۆمانەکە و نووسەر لە ڕێگەی گفتوگۆکانی ئەم کەسێتییەوە بونیاتی هەندێک لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی ڕوونکردووەتەوە. بیر و بۆچوونەکانی ئەم کەسێتییە بە یەک ئاراستە دەڕوات و کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دروست ناکات، بەڵکو وەکو کەسێکی سادە لە هەندێک گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکاندا جارجارێک بۆچوونەکانی خۆی دەخاتەڕوو. لە بۆچوونێکیدا دەڵێت: **((بە دوای خەیاڵدا ئەگەڕێت. هەموو ئەوانەی بەدوای خەیاڵدا ئەگەڕێن، ئەچنە ناو دووڕیانەکانی خەون و بە ویستی خۆیان لێی دەرناچن))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٠٢] ئەم کەسێتییە هەوڵدەدات لە ڕێگەی بۆچوونەکانییەوە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئەوانی دیکە دابنێت و ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکاندا هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی بۆ شتەکان جێگیرە و ناگۆڕێت، بۆیە هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە، هەروەها لە گفتوگۆیەکی دیکەدا هەمان تێڕوانینی پێشوی بە شێوازێکی دیکە دەردەبڕێت و دەڵێت: **((لای من، خەیاڵ و خەون و ئازادیش هەر یەکن، بێ خەیاڵ خەون نایەتە دی، بێ خەونیش خەیاڵ بە پیت نییە، بێ ئەمانیش ئازادی نایەتە دی، بێ ئازادیش ئەوان نابزوێن))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٠٣] لێرەدا مەبەستی (ئەسوەد) ئەوەیە هەرکاتێک خەیاڵەکانی مرۆڤ قورسایی و کۆسپ و تەگەرەیان لە بەردەمدا دروست دەبێت ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو خەونانە دروست دەکات، کە لە ڕێگەی خەیاڵەکانییەوە بونیاتیناون، بۆیە دەستگەیشتن بە خەونەکان پێویستی بە تواناکانی مرۆڤ هەیە، تاوەکو خەیاڵەکانی پێببزوێنێت و بیانخاتە جووڵە. بەواتایەکی دیکە، بۆئەوەی مرۆڤ خەونەکانی بە ساغی بمێنێتەوە دەبێت ئەو ڕێگایانە ببڕێت، کە پڕن لە پرسیاری وەڵامنەدراوە و تاقیکردنەوەی قورس و دژوار، بۆ ئەمەش پێویستی بە هێز و تواناکانی خۆی دەبێت، تاوەکو بیگەیەنێتە ئەو بنبەستانەی، کە گەیشتن پێیان مەحاڵە هەرکاتیش بە ویستەکانی خۆی گەیشت ئەوکات چێژی لە ئازادی وەرگرتووە، واتە ئازادی لە توانای هەڵبژاردن و بڕیاردان و ئەنجامدانی کارێک، هەروەها

ئازادی لە بەرجەستکەردنی ویست و ئارەزووەکان و بژاردەکانی ژیان بەبێ دەستتێوەردانی ئەوانی دیکە بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ دەبێت خودی خۆی بێت نەک ئەوانی دیکە، بۆئەوەی بتوانێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو بێت. لەمبارەیەوە (سوقرات) دەڵێت: ((ئازادی توانای مرۆڤە بۆ ئەنجامدانی باشترین شت))[النائب و عبدالله،٢٠٢٤: ٤٤٤]. کەسێتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانەش سەرجەمیان وێڵی دوای ئازادین و هەریەکەشیان بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، کە تەنیا لەناو خەون و خەیاڵ و بڕواکانیاندا بوونی هەیە. ڕەوتی ڕووداوەکان چەندێک بگۆڕێن و بەرەو ترۆپک بچن کاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی ئەم کەسێتییە دانانێت، تەنانەت لەناو ڕۆمانەکەدا نووسەر هیچ لایەنێکی ژیانی ئەم کەسێتییەی ڕوونەکردووەتەوە، بۆیە لە چوارچێوەی دەقەکەدا، وەکو خۆی بە نەگۆڕی ماوەتەوە.

(دۆزەخ) یەکێکی دیکەیە لە کەسێتییە پەرەنەسێنەکانی ناو ڕۆمانەکە و ئەمیش هەمانشێوەی کەسێتییەکانی دیکە سادە و خاوەن تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە و لەو گفتوگۆیانەی، کە لەگەڵ کاسێتییەکانی دیکەدا دەیکات بیر و بۆچوونەکانی پەرە ناسێنێت و کاریگەری ئەوتۆ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دروست ناکات. لە گفتوگۆیەکدا کاتێک (دۆزەخ) وەڵامی پرسیارێکی (مەرجان) دەداتەوە پێیدەڵێت: **((هەچ کاتێک باوەڕم کەمە کەلێنێکی تێ کەوتبایە، هەمیشە خودام وەک ئێستای تۆ ئەبینی. ئەهاتە بەرچاوم، کە پاش ئادەم و حەوا، هەموو مەلائیکەت و یاوەرەکانی کۆکردۆتەوە. بێگومان گەورەترین کۆبوونەوەشیان بووە لە پاش دروستکردنی گەردوون، ئا ئەم گەردوونە ڕەسەنەی، کە مرۆڤی ناکامڵ بەڕێوەی دەبەن... چونکە وا دێتە خەیاڵم، کە بابەتی سەرەکییان لەو کۆبوونەوەیەدا پتر مشتومڕ بووە؛ لەبارەی چۆنێتی لەدایکبوونی هەر کەسێک! چۆن خۆشی و ناخۆشیی بەسەردا دابەش دەکرێت و لە کۆتاییدا چۆن ئەو شکۆ درۆزنانەی ئەشکێت، کە هەموو ژیانی لە ئاست ئەوانی تردا ئەینواند. ئەوجا وەک قاوغە کەشتییەکی کۆن، لە کەنارێک فڕێ ئەدرێت و پەتی بەستنەوەی بە دنیا بۆ هەتا هەتایە ئەپچڕێت))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٨٣،١٨٢] لێرەدا مەبەستی لە دەسەڵات و چۆنییەتی بەکارهێنانییەتی لە لایەن مرۆڤەوە یەکێک لە تواناکانی مرۆڤیش دەسەڵات و سەپاندییەتی بەسەر ئەوانی دیکەدا، هێزی ئەم سەپاندنەش لە کاریگەرییەکەیدا خۆی دەنوێنێت، واتە مرۆڤ لەپێناو بەدیهێنانی ویست و خواستەکانی خۆیدا ئەوانی دیکە ناچار دەکات، کە ملکەچی فەرمانەکانی بن و وەکو سەر دەستەیەکیش ئەرک و کاریان بەسەردا دەسەپێنێت. لێرەدا نووسەر دەسەڵات و کەسی ناکامڵ وا وێنا دەکات، کە ((مرۆڤ لە لایەن خوداوەندەوە دونیایەکی جوانی پێبەخشراوە، بەڵام ئەو مرۆڤانەی، کە بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان ناکامڵە و لە عەقڵییەتێکی پێنەگەیشتووەوە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و ئەم جیهانە بە خراپی بەڕێوەدەبەن، هەم سروشت دەشێوێنن هەم خەڵکیش ئازار دەدەن خودی ئەو مرۆڤانەش، کە خراپە ئەکەن و دەسەڵات بە چەوتی بەکاردەهێنن کاتێک، کە دەمرن هەموو ئەو دەسەڵات و لووت بەرزییەی، کە هەیانبووە نامێنێت تەنانەت ناویشی دەسڕێتەوە، هەتا ئەگەر سیاسییەک، هونەرمەندێک، یان نووسەرێکی گەورەش بێت هیچی نامێنێت، بۆیە گەر سنوورێک نەبوو بۆ تێربوونی ویستەکانی مرۆڤ، بێگومان خراپەکاری زۆر دەکات، لەبەرئەوە بە دەگمەن مرۆڤێک هەیە و دەبینین، کە لە جێگەی خۆی بێت شیاوی ئەو دەسەڵاتە بێت، کە پێیدراوە))[سەلمان،چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤].

لە گفتوگۆیەکی دیکەدا دەڵێت: **((تاوان خەسڵەتی خوداوەندەکانیشە. ئاخر ئێوە باسی ئەو خوداوەندانەتان نەبیستووە، کە بە دەستی ناسک و جوانی خۆیان سزای خەڵکیان داوە! بە بەهانەی، لەڕێ لادانێکی بچووک، بە دەستی کەسانی تریش سەدان کەسیان کوشتووە. تەنانەت ژنە خوداوەندەکانیش لەوە بێبەری نین))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٩٩،١٩٨] لێرەدا میانڕەویکردنی عەقڵ لە لایەن دەسەڵات و هێزی مرۆڤەوە، هەمان بابەتی ئەم گفتوگۆیەیە و کاتێک مرۆڤ جڵەوی عەقڵ دەداتە دەست هێز و دەسەڵاتێکی خراپ و دەبێتە خوداوەندێکی بەدکار لەسەر زەوی ئەوکات کوشتنی ناڕەوا بە ڕەوا تەماشا دەکات و ژێردەستەبوون و شکاندنی ئەوانی دیکە، وەکو هێزێک وێنادەکات و درۆش، وەکو بڕیارێکی دروست لێکدەداتەوە، ئیدی لێرەدا عەقڵ لەسێدارە دەدرێت و بەهاو پێگە ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەستدەدات، جا بۆئەوەی مرۆڤ بیرکردنەوەکانی گەشە پێبدات و شتێکی نوێ و جیاواز بخاتە سەر ڕوانینەکانی پێویستە خۆی لە داخرانی عەقڵ بپارێزێت، چونکە هەرکات عەقڵی مرۆڤ تووشی داخران بوو، ئەوا هەم بیرکردنەوەکانی بەرتەسک دەبنەوە هەم بیرکردنەوەی دەوروبەرەکەشی ڕەتدەکاتەوە و تەنیا خۆی بە دروست و ڕاست دەزانێت. ئەم کەسێتییە لە چوارچێوەی دەقەکەدا گۆڕانکاری ئەوتۆ بەسەر لایەنی ژیان و بۆچوونەکانیدا نایەت، بۆیە زیاتر وەکو کەسێتییەکی سادە و پەرەنەسێن ڕۆڵی دەبێت لە دەرخستنی هەندێک لایەنی کەسێتییەکانی دیکەدا.

**تەوەری دووەم: جۆرەکانی ڕووداو:**

**١- ڕووداوی واقیعی:** ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە نووسەر لە ژیانیدا ئەزموونی کردوون، یان کۆمەڵە بەسەرهات و ڕووداوێکن و پەیوەندیان بە ژیانی کەسانی دیکەوە هەیە، نووسەریش، بۆئەوەی لەسەر بنەمای ڕووداوگەلێکی واقیعی بونیاتی ڕووداوەکان لە ڕۆمانەکەیدا دابمەزرێنێت سوود لە واقیع وەردەگرێت، بەڵام دەقاودەق وەکو خۆی نایانگوێزێتەوە، بەڵکو شێوە و خەسڵەتێکی هونەریان پێدەبەخشێت و چەند هەنگاوێک لە واقیع دووریاندەخاتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو ڕووداوانەی، کە وەریدەگرێت بە تەواوی دابڕاون لە جیهانی واقیعی، بەڵکو ئەدەب و واقیع هەمیشە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و دابڕاو نین لە یەکدی، لەبەرئەوەی ((ئەدەب هەرچەندە زادەی خەیاڵە، بەڵام پەیوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە. بە دەگمەن ڕۆمانێک هەیە، یان ڕەنگە هەر نەبێت، هەندێک لە کارەکتەرەکانی، کەسانی ڕاستەقینە نەبن، یان هەموو ڕووداوەکانی خەیاڵکرد بن و هیچی دیکە، ڕاستە نووسەر واقیع نانووسێتەوە، بەڵام، ئەوەی دەینووسێتەوە، هەمیشە ڕەگێکی لە واقیعدا هەیە و نزیکە لێوەی، تەنانەت ڕۆماننوس باسی ئەو کەسانە دەکات، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کاریگەرییان لەسەری هەبووە، یان ئەو ڕووداوانە بەسەر دەکاتەوە، کە هەستیان بزواندووە)) [حەسەن،٢٠١١: ٢٨].

یەکێک لەو ڕووداوە واقیعیانە، کە نووسەر لەناو ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی پێداوە چەوساندنەوە و ئازاردانی خەڵکییە لە لایەن کۆمەڵێک سەربازی قاجارییەوە گێڕەرەوەی دەقەکەش بەمشێوەیە باسی ئەو ڕووداوە دەکات: **((سەربازە قاجارییەکان پیاوێکی پیریان گرتبوو تێیان دەخوڕی، کۆگەلێکیش دەورەیان دابوون، لە نێوان بەزەیی و نارەزایی و ویستی تۆڵە سەندنەوەدا، هەموو چاویان لەو نمایشە بڕیبوو. پیرەمێردەکەیش بە هاوار و ترس و پاڕانەوە کە تاوانبار نییە و بوختانی بۆ کراوە، سەربازەکان لەسەر تەختەیەک دەستی ڕاستیان گرتبوو و یەکێکیان بە شمشێرەکەی دەستی پەڕاند. تۆمەتی ئەوەیان دابووە پاڵی کە پارەی سەدەقەی خواردبوو، بەوەشەوە نەوەستان، بەسەر حوشترەوە بەناو شاردا بە ڕووتی گێڕایان، خوێنیش لە دەستییەوە فیچقەی دەکرد و بەسەر پشتی حوشترەکەدا دەهاتە خوارەوە، هەتا بەسەر حوشترەکەوە لار بۆوە و کەوت و مرد))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٠] لێرەدا گێڕەروە، ڕابردووی میللەتێک لە ڕێگەی گێڕانەوەوە لە وێنەیەکی تراژیدیدا پیشانی خوێنەر دەدات و گوزارشت لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی قاجارییەکان لەو سەردەمەدا دەکات، کە بەهۆی ململانێی سیاسی و کێشمەکێشمی بەردەوامەوە لەسەر داگیرکردنی تەخت و دەسەڵات خەڵکی لە ژێر پاساوی جۆراوجۆردا بە دڕندەترین شێوە دەچەوسێننەوە و تووشی ئازار و مەینەتی دەکەن. لەم پەرەگرافەدا نووسەر مەبەستی بووە، کە لە ڕێگەی ئەم ڕووداوە واقیعییەوە جیهانبینی و دیدی خۆی بگەیەنێت و خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و پەیوەندیان بە کوشتن و بڕین و زەلیلکردنی مرۆڤەوە هەبووە لە هەموو سەردەم و قۆناغێکی ژیاندا و لەناو زۆربەی میللەتانی دنیادا ئەو ڕووداوانە دووبارە دەبنەوە و کردەی سەرکوتکردن و کوشتنی مرۆڤ، هەتا ئێستاش بە تەواوی لە ژیانی زۆرێک لە میللەتاندا دانەماڵراوە، بۆیە دامەزراندنی ئەم ڕووداوە واقیعییە لەپێناو هۆشیارکردنەوەی خوێنەردایە، بۆئەوەی وردتر بڕوانێتە ئەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوودا مرۆڤی دووچاری کوشتبڕی و ماڵوێرانی کردووەتەوە.

**٢- ڕووداوی خەیاڵی:** پەنابردنە بەر خەیاڵ، وەکو کەرەستەیەک بۆ دامەزراندنی بەرهەمێکی ئەدەبی ئەو کاتە دەبێت، کە ((لە کۆمەڵگەدا هەندێک بابەت هەن لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە باسکردنیان قەدەغەیە، یاخود ئاسان نییە و نووسەر ناتوانێت بە ئازادی لە بەرهەمەکانیدا ئەو بابەتانە باسبکات، ئەوا پەنادەباتە بەر فانتازیا و لە ڕێگەی بوونەوەر و ڕووداوی فانتازییەوە باس لەو بابەتانە دەکات، بەمەش دووکار جێبەجێدەکات، ئەو دووکارەش ئەوەن: هەم باسی ئەو بابەتە قەدەغەکراوانە دەکات، هەم خۆی لە لێپرسینەوە و سەرزەنشتکردن لە لایەن کۆمەڵگەوە ڕزگار دەکات))[عبدالله،٢٠١٥: ٥٣]. تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵیش بە شێوەیەکی کارامە و هونەری لە لایەن نووسەرەوە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیە، کە ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی دەیخوازێت ئەویش بەخشینی چێژ و جوانییە بە خوێنەر.

ئەو ڕووداوە خەیاڵیانەی، کە لەم ڕۆمانەدا بونیاتنراون زۆربەیان سنوورەکانی واقیع باو و ئاسایی دەبڕن و ڕووداوە خەیاڵییەکان دەبنە وێنەدانەوەیەک بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لە جیهانی واقیعی و هەستپێکراودا بوونیان زەحمەتە، بەڵام لەناو جیهانی ڕۆماندا بەرجەستەکردنەوەیان ئاسانە. یەکێک لەو ڕووداوانەش ڕووداوی (سێ ئاوێنە)ی خەیاڵییە، کە لە جیهانی واقیعیدا بوونیان نییە، بەڵام هەڵگری کۆمەڵێک واتا و ئاماژەی شاراوەن، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات ئەو واقیعەی، کە تێیدا دەژی زیاتر بخاتە ژێر پرسیارەوە. گێڕەرەوەی دەقەکەش

لەسەر زاری یەکێک لە کەسێتییەکانەوە بەمشێوەیە باس لەو سێ ئاوێنەیە دەکات: **((یەکەمیان، کەسی خراپ و دز و دوژمن و ئاژەڵ و ماڵات و سامان و شەڕ و چەک و هەموو کردارێکی مرۆڤ کە کردوویەتی و بەنیازە بیشیکات، چ بە ڕۆژ و چ بە شەو، نیشانی ئەدات. لە دووهەم ئاوێنەیشدا، هەرچی گفتوگۆ و قسە و ئامۆژگاری و چی پابەندە بە ڕابردووی کەسەکە نیشانی ئەدات، چونکە ناتوانێ هیچی داهاتو بزانێت. لە ئەوەی سێهەمیشدا، هەرچی پابەندە بە نووسین و کتێب، کە بە پیت نووسراوە، نیشانی ئەدات و کلیلەکانیان بۆ پێشنیار ئەکات. ئەوەی تەماشای هەریەکیان بکات، هەموو شتێکی نیشان ئەدات. ئیدی بە نهێنی و بە ئاشکرا، بە شەو بێت، یان بە ڕۆژ، لە نزیکەوە بێت، یاخود لە دوور، سەیرکەرەکەی پێی ئەزانێت))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٤٧]. خستنەڕووی ئەم ڕووداوە لە لایەن نووسەرەوە پەلکێشکردنی هەستی خوێنەرە بۆناو جیهانێکی خەیاڵی، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە هەم کەشێکی خەیاڵی بۆ دروستبکات و بە شتی نامۆ و نەبیستراو ئاشنای بکات، هەم دەرگای تێڕامانی بەڕوودا واڵا بکات، تاوەکو شرۆڤەی زیاتر بۆ ڕووداوەکە بکات، بۆیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕووداوە خەیاڵییەدا، جگە لە وەرگرتنی چێژ و خۆشی بۆ ساتێک لە جیهانی واقیعی دادەبڕێت، بیر و زەینی بەلای کۆمەڵێک ئاوێنەی نامۆدا دەڕوات، کە لە واقیعدا بوونیان نییە، ئەمەش پرسیارەکانی زیاتر دەکات و بواری بیرکردنەوە و تێڕامانی زیاتری بۆدەڕەخسێنێت و کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری لەلا دروست دەکات بەوەی، کە سێ ئاوێنەی جیاواز بە واتای هەموو ئەو شتە شاراوانە دێت، کە هەر تاکێک لەناو ناخی خۆیدا پەنهانیداوە، بۆ ناسینی ئەو شتە شاراوانەش دەبێت مرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی بیانناسێت، نەک بە دەستی کەسانی دیکە، بۆیە پێویستە چاوەڕێی کەس نەکات و نەکەوێتە ژێر ڕکێفی هیچ هێزێکەوە، تاوەکو شتەکانی ناخی پیشانی خۆی بدنەوە، بەڵکو پێویستە خۆ ناسین و خۆ بینینین، هەروەها خۆ ناسینیشی بە کەسانی دیکە لە ڕێگەی خودی خۆیەوە بێت، بەواتایەکی دیکە ((مرۆڤێک، مرۆڤبوونی گەشاوەتەوە و فرەڕەهەندیی خۆی دۆزیوەتەوە. مەخلوقێک نییە یەک ئاوێنە بەشیبکات و بتوانێت وێنەکەی نیشانبداتەوە، بە پێچەوانەوە مرۆڤ پێویستی بە زیاد لە ئاوێنەیەک هەیە، بۆئەوەی لە یەک کاتدا زیاد لە وێنەیەکی خۆی لە زیاد لە ئاوێنەیەکدا ببینێت. پەسەندکردنی خۆت لە یەک وێنەدا بە هەمان یادکردنی خۆت ترسناکە. مرۆڤ لە ڕێگای هەڵگرتنی زیاد لە شوناسێکەوە دەتوانێت لە جەوری یەک شوناسیی دەرچێت، لە ڕێگای زۆرکردنی ئاوێنەکانەوە دەتوانێت لە جەوری یەک وێنەیی دەرچێت))[عەلی،٢٠٢٤: ١٧٤].

**تەوەری سێیەم: شوێن لە ڕووی بەکارهێنانەوە:ــ**

**١ـ شوێنی کراوە:** دەتوانرێت ئەم شوێنە بە شوێنی گشتیش ناوزەند بکرێت. ئەم شوێنانە زیاتر کۆمەڵە شوێنێکی و دەرەکین ڕووبەرێکی فراوان و کراوەیان هەیە لەڕووی بەکارهێنانیشەوە موڵکی کەسی و تایبەتی نین، بەڵکو هەمووکەس خاوەنییەتی و هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە، کە ئەم شوێنانە بەکاربهێنێت و سوودمەند بێت لێیان. نموونەی ئەو شوێنە کراوە و گشتییانەش، کە بە زۆری لە لایەن مرۆڤەوە بونیاتنراون، وەکو: (شار، گوند، کۆڵان، گەڕەک، شەقام) ئەم شوێنانە لە بنەڕەتدا شوێنی گشتی و کراوەن، چونکە سنورێکی بەرفراوان و کراوەیان هەیە، هەروەها هەندێک شوێنی دیکەی گشتی هەیە، کە ((لە ڕووی بنیاتەوە داخراون، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەن. واتە هەموو کەسێک، یان زۆر کەس دەتوانێت بەکاریبهێنێت، وەکو زانکۆ، قوتابخانە، مزگەوت، کڵێسا، فەرمانگە حکومییەکان، حەمام چێشتاخانە، چایخانە، میوانخانە))[سەعید،٢٠١٣: ٣١٧]، هەروەها هەندێک شوێنی دیکەش هەن زیاتر شوێنێکی سروشتی و کراوەن وەکو: (شاخ، دەشت و دەر، کەژ و کێو، بیابان و دەریا، دارستان)، یاخود ئەو شوێنانەی، کە پێشتر ئاوەدان بوون، بەڵام ڕوبەڕوی نەهامەتی و کارەسات بوونەتەوە و لە ئاوەدانییەوە بوونەتە ناوچەیەکی چۆڵ و مەترسیدار و ژیان تێیاندا کاڵبووەتەوە. لە ڕۆمانیشدا سوود وەرگرتن لە هەریەکێک لەو شوێنانە و خستنەڕووی ڕەهەند و وردەکارییەکانی کەوتووەتە سەر ئاستی توانایی نووسەر لە چنین و داڕشتن و وێناکردن و بەهێماکردنی شوێنە بەکارهاتووەکاندا بۆ نموونە: ((بوونی کارەکتەر لە شوێنە کراوەکاندا دەتواندرێت بکرێتە هێمای ئازادی و سەربەستی...، یان هێمایەک بێت بۆ ڕزگار بوونی کارەکتەر لە کێشە و گرفتەکانی بارودۆخێکی تایبەتی نێو شوێنە داخراوەکان، کە باری دەروونی ماندوو دەکەن و بەرەو شوێنی کراوە هەڵدێن))[محەمەد،٢٠١١: ١٢٦،١٢٥].

لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی وێناکردنی شوێنێکی کراوە و گشتی، وەکو (قەیسەری)، کە لە ڕووی بونیاتەوە شوێنێکی داخراوە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەیە و هەمووکەس دەتوانێت بەکاریبهێنێت، نووسەر دنیابینی خۆی لە ڕێگەی ئەو شوێنە کراوەیەوە لەناو دەقەکەدا بەرجەستە کردووە و گێڕەرەوەی دەقەکەش بەمشێوەیە باسی ئەو شوێنە، وەکو شوێنێکی کراوە دەکات و دەڵێت: **((لە لایەکی نزیکی قەیسەریەکە، سەکۆی**

**شانۆگەرییەک دامەزرێندرابوو، لە پشت پەردەیەکی بۆرەوە دوو بووکە دارینە بە بەرگی شڕەوە دەرکەوتن. بە پەت دەجولێندران، بە چەقە چەق و قیژە قیژ دەمە بۆڵەیان بوو. یەکێکیان بە لەقەلەق بە فارسییەکی تێکەڵ بە عەرەبی قسەکانی ئاڕاستەی ئەوی دیکە دەکرد، کەچی ناڕاستەوخۆ هانی خەڵکەکەی دەدا کە لە خاوەن زەوییەکان یاخی بن و بە زمانی کۆ وشەکانی دەردەبڕی))**[سەلمان،٢٠٢١: ٣٢] لێرەدا گێڕەرەوە بەدەر لەوەی، کە شوێنێکی کراوەی بە خوێنەر دەناسێنێت لە هەمانکاتیشدا لە ڕێگەی شانۆگەرییەکەوە وێنەیەک لە چینی خوارەوە و سەرەوەی کۆمەڵگە پیشاندەدات، کە جوتیارەکان شەو و ڕۆژ بە گەرما و بە سەرما لەبەر دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان کار بۆ چینی دەوڵەمەند و خاوەن زەوییەکان دەکەن، دەوڵەمەندەکانیش، وەکو چینی سەرەوی کۆمەڵگە، وەکو پێویست مافی ئەرک و ماندووبونیان نادەن، بۆیە بوکەدارینەکان دەبنە هۆکارێک بۆ هۆشیارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوەی ئەو چینە ژێر دەستەیە، کە چیدیکە لە مافەکانی خۆیان بێدەنگ نەبن و ئەو کۆیلایەتییەی، کە بەسەریاندا سەپێندراوە قبوولّی نەکەن. بەرجەستەکردنەوەی ئەم وێنەیە لە لایەن نووسەرەوە ئاماژەدانە بە کۆیلایەتی و داکۆکینەکردنە لە ئازادی کەسی ئەمەش جۆرە ڕاکردنێکی مرۆڤە لە بەرپرسیارێتی کەسی و هەڵبژاردنی کۆیلایەتییە، بۆیە ((مرۆڤی کۆیلە کاتێ، کە کۆیلەیە ناتوانێت بەرپرسیار بێت، لەبەرئەوەی مرۆڤی کۆیلە نەیتوانیوە بە جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی بەرپرسیارێتی خۆی لە خودی خۆی هەستێ و ناکار بووە لە خۆ ئازادکردن هەر لەبەر ئەوەشە کۆیلەیە. ئەو بەرپرسیار نییە لە خودی خۆی و چیدی خاوەنی خۆی نییە، ئەو خودی خۆی نییە و شکۆمەندی لەدەست داوە و شکۆی داگیر کراوە))[حەمەعەلی،٢٠١٨: ١٥٧]. کاریگەری شوێنە کراوەکان لە سەر کەسێتییەکان و پیشاندانی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان بۆ خوێنەر مەبەستێکی سەرەکی نووسەرە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ڕوانگەی خۆی لە بارەی گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەکەیەوە بخاتەڕوو.

**٢- شوێنی داخراو:** بە زۆری ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە مەودایەکی بەرتەسک و دیاریکراویان هەیە و لە ڕووی بەکارهێناوە زیاتر تایبەتین و تەنیا کەسێک، یان چەند کەسێک مافی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنیانی هەیە. لە نموونەی شوێنە داخراوەکانیش، وەکو (ماڵ، ژوور، زیندان). ڕێژەی بوونی کەم و زۆری شوێنە داخراوەکان لە ڕۆماندا بەپێی گۆشەنیگای نووسەر و پێویستی بوونی ڕووداو و کەسێتییەکان دەسازێندرێت، هەروەها سروشت و تایبەتمەندییە کەسییەکانیش دیسان هۆکارێکن بۆ نەمانەوەی مرۆڤ لە شوێنە داخراوەکان، یان دەربازبوون و ڕاکردن لێیان، چونکە هەندێک کەس لایەنێکی کراوە و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و لە شوێنە بەرتەسک و داخراوەکاندا ناتوانێت بۆماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە ئەمەش تەنگ بە کەسەکە هەڵدەچنێت و هەوڵی دوورکەتنەوە لەو شوێنانە دەدات، یاخود بە پێچەوانەوە هەندێک کەس شوێنە داخراوەکانی لەلا پەسەندە و تێیاندا زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات، واتە ((هەندێ جار شوێنی داخراو، لەبەر بەرتەسکی ڕووبەرەکەی تەنگ بە کەسەکە دەچنێت، پەسەند نییە، بە پێچەوانەشەوە لەوانەیە هەر ئەو شوێنە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە پەسەندبێت، چونکە پەناگە و ئارامی و ئاسوودەییەک بۆ کەسەکە دابیندەکات و لە جەنجاڵی ژیان ڕزگاری دەکات)) [سەعید،٢٠١٣: ٣٢٢،٣٢١]. تایبەتمنەدی شوێنە داخروەکانیش لە ناو ڕۆماندا لەو پەیوەندیانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە سروشتی کەسێتییەکان دەستنیشانیدەکات.

لە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا کاتێک (مەرجان) کتێبێک لە دووکاندارێک دەفڕێنێت و دەیبات و خۆی ون دەکات لەبەرانبەر ئەو ڕەفتارە منداڵانەیەیدا (زێفیر) لەبری ئەو زیندانی دەکرێت، گێڕەرەوەش بەمشێوەیە باسی دیارنەمان و بارودۆخی (زێفیر) لەو شوێنە داخراوەدا دەکات و دەڵێت: **((دیارە کە زێفیر هەر دەرنەکەوتووە، مەرجان و ئارمان و تەشکین بە شوێنیدا گەڕاون. زێفیریش لەناو چوار دیواری بەردین، داپۆشراو بە قەوزەی ڕەشپۆش، تاریک و تنۆک، تەڕەشوعێکی وەهای هەبوو دەتگوت تازە خراوەتە ناو گۆڕێک. هەستیکرد بەو شەو و ڕۆژەی لە زیندان مایەوە لەشی تێکچوو. بیری لەوە کردەوە، چەند ڕۆژێکی تری ناو ئەم زیندانە وا لە هەموو ئێسکی لەشی دەکات لەیەک بترازێن))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٥٥] لێرەدا، ئەم شوێنە، بۆ ئەم کەسێتییە، دەبێتە هۆی هەرەسهێنان و ڕووخانی لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە، چونکە ئەم هەر لە منداڵییەوە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ شوێنە کراوەکاندا، بە تایبەتی دەریا هەیە و هیچ کاتێک لە شوێنێکی داخراو و ناخۆشی، وەکو زیندان بۆ ساتێکیش نەماوەتەوە، بۆیە شوێنێک، کە هیچ ئەزموونێکی لەگەڵیدا نەبێت بۆ ئەم کەسێتییە دەبێتە شوێنێکی دژوار و نامۆ، بە تایبەتی کاتێک لەو شوێنەدا ترسی ئەوەی لەلا دروست دەبێت، کە هەم تاوانبارەکانی ناو ژوورەکەی هەم پاسەوانەکان دەستردرێژی بکەنە سەری، بۆیە هێندەیتر ئەو شوێنەی بۆدەبێتە شوێنیکی داخراو و نەویستراو. گێڕەرەوەش بەمشێوەیە باس لە ترسی ئەو کەسیتییە بەرانبەر ئەو شوێنە دەکات و دەڵێت: **((ئەوەندەی دیکە زێفیر تۆقی. وای بۆچوو کە لەوانەیە بەلای ئەو زەلامەیشەوە**

**ئەو جۆرە خەونێکی خۆی بێت کە دەستدرێژی بکاتە سەر زیندانیێک. لە ترساندا خەوی لێ نەکەوت، چاوێکی هەر لەسەر ئەوانەبوو کە لەگەڵیدا زیندانی بوون، چاوێکیشی لەسەر ئەو پاسەوانە بوو، هەتا بە یەکێکی تر گۆڕا))**[سەلمان،٢٠٢١: ٢٥٥،٢٥٦]. مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ ئەم شوێنە داخراو و نائارامەدا تەنیا ناساندن و پیشاندانی شوێنەکە نییە، بەڵکو وەکو هێمایەک ئەم شوێنەی بەکارهێناوە، کە دەکرێت لەناو زینداندا مرۆڤ بەر چەندین کەسی خراپ بکەوێت و ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە و لە بێتاوانێکی پاکەوە ببێتە قوربانی دەستی حەز و ئارەزووی مرۆڤانێکی بەد و خراپ، کە لەژێر ناوی چاودێریکردنی بەندییەکاندا کاری نەشیاو و قێزەون ئەنجامدەدەن.

## تەوەری چوارەم: جۆرەکانی کات:

**١- کاتی مێژوویی:** ئەم کاتە بەزۆری کاتێکی واقیعی و سروشتییە و بە گشتی هەموو مرۆڤێک، هەست بە جووڵە و بەرەوپێشچوونی ئەم کاتە دەکەن. خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەم کاتە لەوەدایە، کە ڕیزبوونێکی کرۆنۆلۆجی و بەدوایەکداهاتووی نەپچڕاوی هەیە بەشێوەی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)، هەروەها مرۆڤ لە ماوەکانی (ڕۆژ، شەو، هەفتە، مانگ، ساڵ، وەرزەکان)دا کار و چالاکی و پەیوەندییەکانی ڕێکدەخات ((ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم کاتە سروشتیکی موجەڕەدی هەیە و لە شارەزایی تایبەتییەوە ترازاوە، چونکە بوونێکی مادی ڕووتی لە سروشت و گەردووندا هەیە و تێکەڵ بە خوودی تایبەتی نابێت، بەڵکو لە دەرەوە دەبیندرێت))[سابیر،٢٠٠١: ٢٨١].

یەکێک لەو کاتە مێژووییانەی، کە نووسەر لە چوارچێوەی دەقەکەیدا بەرگێکی هونەری بە بەردا کردووە و ئاوێتەی ناو جیهانی ڕۆمانەکەی کردووە ئاماژەدانە بە ڕووداوێک، کە لە ساڵی (١١٧٦)دا ڕویداوە، ئەویش لە کاتێکدا دەبێت، کە ویلایەتی (بەسرا) بە چەند مانگێک ئابڵوقە دەدرێت و داگیردەکرێت ئەو شارە بەهۆی دەسەڵاتی زەندییەکانەوە بە تایبەتی (عەلی محەمەد خانی زەند) زۆر بەخراپی بەڕێوەدەبرێت و خەڵکی تووشی بارێکی ئابووری سەخت و دەرد و نەخۆشی و برسییەتی و مەینەتییەکی زۆر دەبنەوە گێڕەرەوەش ئەم کاتە مێژووییە لە زاری یەکێک لە کەسێتییەکانەوە بەمشێوەیە باس دەکات: **((وەک زانیارییەکیش لە نێوان هەردووکمان چەند زانیارییەکی لە بارەی خۆی پێ وتم: کاتی خۆی باوکی و باپیرەی پێکەوە وەک سەربازی (سادق خانی زەند) گەیشتوونەتە (بەسرا). بەشدار بووون لە ئابڵوقەدانی ویلایەتەکە هەتا کاتی تەسلیمبوونی لە ساڵی ١٧٧٦. دوای سێ ساڵ سادق خان گەڕاوەتەوە بۆ شیراز و چۆتە جێی براکەی کەریم خان،... هەتا سادق خانی زەند بۆ ئێران نەگەڕابۆوە، پیاوێکی دادوەری لێ دەگێڕنەوە، بە دەرچوونی لە بەسرا، (عەلی محەمەد خانی زەند) دەبێتە حاکمی ویلایەت. ئەم پیاوەش کە بە (شێرکوژ) ناوی دەرکردبوو خەڵکی بەدەستییەوە حەلوەلای بووە. ئەوەندەی دیکە ژیانی خەڵکی پڕ لە مەترسی و بێ چارەیی کردووە. هەتا بڵێی شتی خراپی لێدەگێڕنەوە. خەڵکی توشی مەینەتباری زۆر ببوون، پیاوان و ژنان و منداڵەکانیشیان وەبەر چاوی خەڵکەوە فەلاقە و دارکاری کردووە))**[سەلمان،٢٠٢١: ٧١،٧٢]. نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوە و باسکردنی ئەو کاتە واقیعییەوە ویستویەتی ئاوڕ لە ڕووداوێکی مێژوویی بداتەوە، کە لە ڕابردودا ڕویداوە و لەو کاتەدا خەڵکی شارێک بەدەست حوکمی کەسێکی دڕندەوە ڕووبەڕووی باروودۆخی سەخت و خراپ و ناهەموار بوونەتەوە، بۆیە نووسەر بەم گێڕانەوەیە دەیەوێت دووبارە ئەو ڕووداوە پیشانی خوێنەر بداتەوە، هەروەها دەیەوێت ئەوە بە بیری خوێنەر بهێنێتەوە، کە مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە ڕووداوگەلی ناخ هەژێنی لەو شێوەیە. دامەزراندنی ئەم کاتە مێژووییە بە شێوازێکی هونەری بونیاتی ڕەگەزی کاتی لەناو دەقەکەدا تۆکمەتر کردووە و خوێنەر هاندەدات لە کاتی خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕەدا زیاتر گەڕان بۆ ئەو پەرتوکە مێژووییانە بکات، کە ئەو ڕووداوانەیان لە دووتوێی لاپەڕەکانیاندا تۆمار کردووە.

**٢- کاتی ئەفسانەیی:** ئەمجۆرەی کات پێچەوانەی ئەو کاتەیە، کە لە واقیعیدا ڕوودەدات و هەستپێکراو و باوەڕپێکراوە، سروشتی ئەمجۆرە کاتەش پێچەوانی کاتی سرۆشتییە و سنووری باو، یان عەقڵ و لۆژیک تێدەپەڕێنێت و لە ڕەوتە ئاسایی و سرووشتییەکەی کات لادەدات و سیمایەکی نائاسایی و ناباو وەردەگرێت، لەبەرئەوەی کاتی ئەفسانەیی ((بونیاتی کاتەکەشی لە مەوادایەکی زەمەنی نادیار و بێ سنووری کراوەدا گەمە دەکات، واتە ئەم کاتە پەیوەستە بە تێکەڵبوونی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆمان بە ئەفسانە و خەون و خەیاڵەوە، بۆیە ئەم شێوازە ئازادیی بەکارهێنانی کات لە ڕۆماننووسەکەی دەخوازێت و لە پەیڕەوکردنی یەکە چەسپاوەکانی کات دووریدەخاتەوە. بەمپێیەش کات لە ڕەوتی سروشتی خۆی دەردەچێت و تێکەڵ بەو جیهانە

ئەفسانەییە دەبێت، کە ڕۆمانەکە وێنەی دەکێشێت)) [صالح،٢٠٢٠: ٥٢٥] خوێنەریش کاتێک ئەو پەرەگرافانە دەخوێنێتەوە، کە ئەمجۆرە کاتەیان تێدا دامەزرێندراوە سنوورەکانی ئەو کاتە ئەفسانەییەی بۆ دیاریناکرێت، چونکە ئەو کاتەی، کە لەناو دەقەکەدا دامەزرێندراوە ناڕاست و خەیاڵییە و عەقڵ و لۆژیک، وەکو کاتێکی سروشتی قبووڵی ناکات. نووسەرانیش ئازادن لە یاریکردنی کاتەکان لەناو بەرهەمەکەنیاندا و بونیاتنانی کاتێک بە شێوازیکی ناواقیعی و نائاسایی و تێکەڵکردنیان بە جیهانێکی نامۆ و ئەفسانەیی.

لە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا نووسەر لە ڕێگەی کاتێکی ئەفسانەییەوە باس لە ڕووداوێک دەکات، کە بەسەر (مەرجان) و دەستەکەدا دێت، گێڕەرەوەش گێڕانەوەکە لە نێوان یەکێک لە کەسێتییەکان و پیاوێکدا، کە پاسەوانی ئەو مردووانە دەکات، کە لەو شوێنە نامۆیەدان نێژراون بەمشێوەیە باس دەکات: **((مەرجان بە نەریتی خۆی، دەسەڵاتی قسەکردنی بەخۆی دا و لە پیاوەکەی پرسی:**

**ـ خەڵکی ئەم شارۆچکەیە لەکوێن برا؟**

**ـ کام شارۆچکە؟ ئێرە شارۆچکە نییە. نابینن خاکێکی بۆر و گۆڕستانێکە؟**

**ـ بەڵێ ئەفسووس ئەوەمان بینی، بەڵام ئەی جەنابت بەچی خۆت بەڕێوە ئەبەیت؟**

**ـ ئێرە مەنزڵگای مردووەکانە. بە پارسەنگی نێوان گەرمی و ساردیی و شێ و وشکی بەڕێوە ئەچێت...**

**ـ ئەدی بەچی خۆت ئەژێنی؟**

**ـ بە یادەوەری. کە ئەچمە ناو ئەو کەشتییە کۆنەی بووەتە ماڵی من، هەرچی تینمە لەو یادەوەرییانەیە و بە خۆیانەوە گرێم ئەدەن و پەیوەندیشم لەگەڵ دنیا ئەپچڕێنن...**

**ـ وەک وتم. ئێرە ئەو گۆڕستانەی لێ دەربچێت هیچی لێ نییە. وەک دووڕیانێکە کە لەبەردەمتدایە، ڕێیەکیان هەڵدەبژێریت و پێیدا ئەڕۆی و ئەوی تریشیان  پشتی تێ ئەکەیت. ئێوە پشتتان کردە ڕێی زیندووەکان و گەیشتنە ئەم وێڵگەیە کە تەنیا مردووەکان لێی نیشتەجێن. ئێرە جێی ڕۆحکێشانە. بەدوای هیچ زیندووەیەکدا مەگەڕێن.**

**ـ ئەی ئەوە نییە جەنابت زیندووی و وا لەگەڵماندا قسە ئەکەیت؟**

**ـ من پاسەوانی ئێرەم، نیشتەجێی نێوان مردووەکانم، خێوی ناو کەشتییەکی لاکەوتووم، کە پێشوازی ئەکەم لە کەسانێکی لادەر لە ڕەوت، وەک ئێوە دواییش ئەڕۆن و هەرگیز ناگەڕێنەوە.**

**ـ ئەم شوێنەی ئێوە سەیر نییە قوربان؟**

**ـ چۆن سەیر نییە! بەرێکی ئاوە و بەرێکی بیابان. کە لە بیابانین هەمیشە تراویلکەمان لێ ئەبێتە ئاو، بەڵام ترسناکترین دیمەن ئەوەیە، لەناو دەریایش بیت و تراویلکەت لێ ببێتەوە بە گۆمێکی ئاوی بریسکەدار کە ناتگەیەنێتە وشکایی. ئێرەش شاری تارمایی و خێوە، سێبەری خۆتانتان لێ ئەبێتەوە بە بنیادەم))**[سەلمان،٢٠٢١: ١٣١،١٣٠] لێرەدا گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە سیما و مۆرکێکی ئەفسانەیی وەرگرتووە و پێوەرەکانی کاتی لە واقیعییەوە بۆ ئەفسانەیی  تێکشکاندووە، چونکە لە جیهانی واقیعیدا زنجیرەی کات بەجۆرێکە پابەندی عەقڵ و لۆژیکە، بەڵام لە کاتی ئەفسانەییەدا ئەم پابەند بوونە نییە و کاتەکان سنووری باوەڕ و عەقڵ تێدەپەڕێنن، نووسەریش لەناو ئەم پەرەگرافەدا ئاماژەی بەو کاتە ئەفسانەییە داوە، کاتێک دەڵێت (لادەر لە ڕەوت) واتە لادان لە ڕەوتە ئاساییەکەی کات لەناو دەقیشدا، هەرکات ئەم لادانە ڕوودات کات لە واقیعییەوە بەرەو ناواقیعی و نادیار دەگوێزرێتەوە بەمپێیەش ئەو کاتەی، کە دامەزرێندراوە زیاتر گوزارشت لە کات و جیهانێکی ئەفسانەیی دەکات، چونکە نووسەر بە دیارینەکردنی کاتەکە، کە کەیە و چەندێک دەخایەنێت و لەکەیدا کۆتایی دێت کاتەکەی تێکەڵ بە جیهانێکی ئەفسانەیی کردووە بەمەش کات لە ڕێتمە سرووشتییەکەی خۆی دەرچووە، هەروەها نووسەر بە ئاماژەدان بە بوونەوەرێکی وەکو: (تارمایی، خێو) دەقەکەی کردووەتە ناوەندێک، بۆ پیشاندانی شتی نائاسایی و ناباو، کە ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بە دەقەکە بەخشیوە. خوڵقاندنی کاتێکی ئەفسانەیی و نامۆ و جیاواز لە کاتی واقیعی لە لایەن نوسەرەوە زیاتر بۆئەوەیە، کە بیر و هزری خوێنەر بەرەو کاتێکی جیاواز بوروژێنێت و بۆ چەند ساتێک لە کاتی واقیعی دایببڕێت و بەرەو کاتێکی نادیار و ئەفسانەیی بیر و زەینی کێش بکات.

## ئەنجامەکان:

١- گێڕانەوە کەرەستەیەکی گرنگە بۆ وێنەکیشانی بابەتەکانی ژیان لە گۆشە و ڕوانگەی جیاوازەوە و لە ڕێگەی ڕەگەزەکانیشەوە ئەرک و ئامانجەکانی چڕتر دەکاتەوە، تاوەکو زیاتر ڕووماڵی ئەو دیاردانە بکات، کە ژیان لە هەناوی خۆیدا پەنهانیداون.

٢- لەم ڕۆمانەدا کەسێتییە پەرەسێنەکان لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکاندا بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە گواستراونەتەوە بەمەش لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانیان بەدیارکەوتووە. سەبارەت بە کەسێتییە پەرەنەسێنەکانیش بەهۆی ئەوەی، کە وەکو کەسێتییەکی پەرەنەسێن و گەشەنەکردوو لە چوارچێوەی دەقەکەدا ئەرک و ڕۆڵیان پێدراوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر کار و کردەوە و ژیانیاندا نەهاتووە، بۆیە بە نەگۆڕی، وەکو خۆیان ماونەتەوە.

٣- نووسەر لە دامەزراندنی ڕووداوەکاندا بە تایبەتی ڕووداوە واقیعییەکان بەشێوەیەکی هونەری وێنەی کێشاونەتەوە و لە چوارچێوەی دەقەکەیدا بەرجەستەی کردوونەتەوە، هەروەها لە ڕێگەی ڕووداوە خەیاڵییەکانیشەوە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان لە وێنەی بەهێز و کاریگەردا بەرجەستە کردووەتەوە بەمەش بونیاتی دەقەکە بەو دوو جۆرەی ڕووداو زیاتر پتەوتر بووە.

٤- ڕەگەزی شوێن لەناو ئەم ڕۆمانەدا زۆر بە وردی لە لایەن نووسەرەوە کاری لەسەر کراوە بە تایبەتی شوێنی (کراوە، داخراو) کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تەواویان لەسەر باری دەروونی و ژیانی کەسێتییەکان هەیە، کاردانەوەی کەسێتییەکانیش بەرانبەر ئەو دوو شوێنە لە ڕێگەی پەیوەندی و هەڵوێستەکانیانەوە دەرکەوتووە.

٥- بەهۆی ئەو مامەڵە وردەی، کە نووسەر لەگەڵ ڕەگەزی کاتدا لەناو ئەم ڕۆمانەدا کردوویەتی شێوازی دامەزراندنی کاتەکان دەردەکەوێت بە جۆرێک لە دامەزراندنی کاتی مێژووییدا ڕووداوەکان سیمایەکی واقیعیان وەرگرتووە، هەروەها لە دامەزراندنی کاتی ئەفسانەییشدا کاتی ڕووداوەکانی لە ڕەوتە سرووشتییەکە لایداوە و تێکەڵ بە جیهانێکی نامۆ کراوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە ڕووداوەکان مۆرکێکی ئەفسانەیی وەربگرن.


## ـ سەرچاوەکان:

### ـ بە زمانی کوردی:

**ا/ ڕۆمان**

١- سەلمان، بەیان(٢٠٢١)، دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

**ب/ کتێبەکان**

١- ئەرستۆ(٢٠١١)، هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢- ئەڵوەنی، نەجم(٢٠٢١)، گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەتر و ئاگر)ی (بەیان سەلمان)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣- ئیبراهیمی، مەزهەر(٢٠٢٣)، مۆرفۆلۆژیی ڤلادیمیر پرۆپ و گێڕانەوەی زارەکیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤- ئیسماعیل، سەباح(٢٠٠٩)، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥- جەمیل، هاوکار(٢٠٢١)، گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا (مەم و زین) بە نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەم و زین، هەولێر.

٦- حەسەن، محەمەد فەریق(٢٠١٠)، مەملەکەتی ماسی (٣٧) حیکایەتی فۆلکلۆرییە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧- حەسەن، حەمە سەعید(٢٠١١)، هونەری نووسینی چیرۆک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم(٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانەناسیی کوردی، کتێبی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٩- حەمەعەلی، ئومێد(٢٠١٨)، فەلسەفەی ئومێد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

١٠- حەمەعەلی، ئومێد(٢٠٢١)، ئازادی و کەسێتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

١١- خەلیل، ئیبراهیم مەحموود(٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ لە لاسایکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

١٢- ڕەئوف، لوقمان(٢٠١٢)، ڕەهەندی شوێنکات لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٣- سەعید، جەلال ئەنوەر(٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا (١٩٩١ـ٢٠٠٣ز)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٤- سەلمان، بەیان(٢٠٢١)، تیۆریما دەربارەی چەند چەمکێکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆسا، هەولێر.
١٥- سابیر، پەرێز(٢٠٠١)، بیناى هونەرى چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٦- سیوەیلی، ڕێبوار(٢٠٠٨)، نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٧- صالَح، ئاوارە کەمال(٢٠٢٠)، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور) بە نموونە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
١٨- عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب(٢٠١٠)، زمان/ گێڕانەوە (کۆدی دافنشی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٩- عەزیزی، بەیان(٢٠٢١)، دەروونشیکاری جەستەی قوربانی کە منم کە ژنم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆسا، هەولێر.
٢٠- عزیز، بێستون عارف(٢٠٢٢)، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا (٢٠٠٠ ـ ٢٠١٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
٢١- عەلی، بەختیار(٢٠٢٤)، دەستەسرەکەی ئۆتێلۆ، چاپی دووەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
٢٢- عوسمان، هەرێم(٢٠١٧)، نالی: شیکاری فەلسەفی و دەروونی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
٢٣- قەرەداخی، عەتا(٢٠٠٨)، فەنتازیای گەڕانەوە (خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی کوردی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٤- کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٢٢)، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٥- کەمال، محەمەد(٢٠٠٧)، هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٦- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٣)، ئەدەب و مۆدێرنە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
٢٧- مەنتک، حەمە(٢٠١٣)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ـ٢٠١٠ز)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢٨- ماکواری، جۆن(٢٠٠٧)، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٩- محەمەد، تانیا ئەسعەد(٢٠١١)، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣٠- موفتی، پەری ساڵح(٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**پ/ نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

١- حمەعلی، فەرهاد صالح(٢٠١٠)، کەسێتی خۆویست لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکردی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٢- حوسێن، تاهیر بەکر(٢٠٠١)، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی (ئەمین میرزا کەریم)دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٣- عومەر، پەیمان محەمەد(٢٠١٥)، ئیستاتیکای دەستپێک لە ڕۆمانی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی (کانگەی بەڵا) و (ئەڤین و شەوات)، تێزا دکتۆرایێ، کۆلێجا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهوکێ، دهوکێ.
٤- قادر، کارزان موحسین(٢٠٠٩) سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ ـ ٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**ت/ گۆڤار:**

١- حسێن، عطا ڕەشید(٢٠٢١)، هێڵە گشتییەکانی شێوازی گێڕانەوە لە دەقی شانۆیی (مامە یارە)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٦٦)، بەشی(B).
٢- ڕەسووڵ، تەها ئەحمەد(٢٠٠٩)، کردەی گێڕانەوە و دامەزراندنەوەی ڕابردوو لە زەمەنی ئێستای دەقدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٤٧).
٣- عبداللە، محمد أمین(٢٠١٥)، فانتازیا لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٣٥).
٤- مەنتک، حەمە(٢٠٢١)، فەلسەفەی گێڕانەوە لای پۆل ڕیکۆر، گۆڤاری گێڕانەوە، هەولێر، ژمارە(١).

**ج/ چاوپێکەوتن:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر (بەیان سەلمان) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٥/١).

**ـ بە زمانی عەرەبی:**

**أ- کتێبەکان:**

١- بارت، رولان(١٩٩٣)، مدخل الى تحليل البنيوي للقصص، ترجمة: منذر عياشي، الطبعة الأولى، مركز الإنماء الحظاري للدراسة و الترجمة و النشر، حلب.
٢- بحراوي، حسن(١٩٩٠)، بنية الشكل الروائي (الفضاء، الزمن، الشخصية)، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي للنشر، بيروت.
٣- الكردي، عبدالرحيم(٢٠٠٦)، السرد في الرواية المعاصرة (الرجل الذي فقد ظله نموزجا)، الطبعة الأولى، مكتبة الآداب للنشر، القاهرة.
٤- جماعة من الباحثين(١٩٨٨)، جماليات المكان، الطبعة الثانية، دار القرطبة للنشر، بدون مكان.
٥- رشدي، رشاد(١٩٦٤)، فن القصة القصيرة، الطبعة الثانية، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
٦- شريبط، شريبط أحمد(١٩٩٨)، تطور البنية الفنية القصة الجزائيرية المعاصرة (١٩٤٧ ـ ١٩٨٥)، منشورات إتحاد الكتاب العرب، بدون مكان.
٧- هامون، فليب(٢٠١٣)، سيمولوجية الشخصيات الروائية، ترجمة: سعيد بنگراد، الطبعة الأولى، دار الحوار للنشر و التوزيع، اللاذقية.

**ب/ فەرهەنگ:**

١- زيتوني، لطيف(٢٠٠٢)، معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ إنكليزي ـ فرنسي)، الطبعة الأولى، دار النهار للنشر، بيروت.

**ت/ نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

١- أحمد، إبراهيم شهاب(٢٠١٢)، عناصر القصة القصيرة و تطبيقاتها في القصة الصحفية القصص الصحفية الفلسطينية أنموذجا، رسالة الماجستير، كلية الأداب، الجامعة العراقية، بغداد.

٢- باوية، صلاح الدين(٢٠١٤)، الحس الملحمي في الشعر الجزائري الحديث و المعاصر دراسة في التجليات الإلياذة جمالياتها و دلالاتها، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب و اللغات، جامعة العقيد الحاج لخظر ـ باتنة، الجزائر.

**ث/ گۆڤار:**

١- النائب و عبدالله، احسان عبدالهادي، شهاب أحمد(٢٠٢٤)، مفهوم الحرية في الإتجاه الليبرالي المساواتي المعاصر (دراسة تحليلية فكرية لمنظور رونالد دوركين)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٧٦)، بەرگی (٢)، بەشی(B).

٢- جابر، إسراء حسين(٢٠١٩)، اسلوب السرد في الخطاب الروائي العراقي الحديث ـ روايات سعد محمد رحيم أنموزجا. Route Educational & Social Science Journal, No(2)
٣- عزاز، يوسف محمد(٢٠٢٠)، البنية السردية في القصة البخت النائم للشاعر عثمان حلمي، مجلة كلية اللغة العربية بالمنوفية، العدد(٣٥).
٤- علي، محمود سليم(٢٠٢١)، المكان و أثره في التشكلات الفنية للقصة: دراسة في القصة دومة ود حامد للطيب صالح، مجلة كلية لآداب، العدد(٥٣).

**ـــ به زمانی ئینگلیزی:**

**گۆڤار:**

1- Jenzy, Hasan Talib(2022), Narrative Functions in Renaissance Paintings, Basrah Arts Journal (BAJ), No(22).

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

1- Kenan, Shlomith Rimmon(2006), Concepts of Narrative, hebrew university of jerusalem, http://core.ac.uk